Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.1

# بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی نەتەوەیی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Hazhar Ahmed Mustafa
hazhar.mustafa@su.edu.krd

RECEIVED: 09/01/2025
ACCEPTED :20/02/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**هەژار احمد مصطفى /** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولیر،هەرێمی کوردستان، عیراق

**چیایی کمال سعدی/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر،هەرێمی کوردستان، عیراق

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕیتم
میلۆدی
ڕیتمی کەلەپووری
میلۆدی کەلەپووری
موزیکی نەتەوەیی

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، سەبارەت بە (بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی ڕیتم و سەما و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی نەتەوەیی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا)، کە شیکارییەکی گشتی بۆ خستنەکار و بەرجەستەکردنی ئەم توخمانە لە کەلتووری وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، لە موزیکی کلاسیکی و فۆرمەکانی موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا دەکات. کرداری خستنەکار و بەرجەستەکردنی ڕیتم و میلۆدی و سەمای کەلەپووری، ئاراستەیەکی فراوانی کارکردنی موزیکی نەتەوەیی (Nationalism) ی سەردەمی ڕۆمانتیک بوو، کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، موزیکی سەرجەم گەلانی سەرڕووی زەوی و ئەورووپای ڕۆژئاوای بەتایبەت تەنییەوە. (Mayes, 2014). بێگومان ناڕوونی و کەمی توێژینەوەی کوردی بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەم پراکتیزە و ئاراستە کارکردنەی موزیکدانەرانی جیهانی، هۆکاری سەرەکی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بوو. چوونکە ئاشنابوون بە قوتابخانەکانی موزیکی نەتەوەیی ئەرووپی، سوودێکی یەکجار گەورە بە موزیککارانی کورد دەگەیەنێت، کە بەهۆی نەبوونی کیانی سەربەخۆ هێشتان موزیکی کەلەپووریمان لە ژێر مەترسی و داگیرکاری وڵاتانی ئیقلیمی دایە. بۆ ئێمەی کورد ئەرکێکی گرنگ و لە پێشینەیە، کە بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی قوتابخانە نەتەوەییەکانی موزیکی ڕۆژئاوایی، هاوشێوەی گەلانی جیهان میراتی میلۆدی و ڕیتمی کەلەپووریمان لە ڕێگەی دارشتنەوەیان لە فۆرمی موزیکی نوێدا بپارێزین و بیانخەینە سەر تەختی شانۆ. لەهەمان کاتدا چەمکی ڕەسەنیەتی تێکەڵ بە هاوچەرخیەتی موزیک بکەین و ناسنامەی نەتەوەییمان لەموزیکی ئۆرکێسترایی پیشانی دنیا بدەین.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**١. پێشەکی :**

وەک ئاراستەیەکی فراوانی کارکردنی موزیک، ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا داکوتاوە. بێگومان هەلومەرج و بارودۆخی بەکارهێنانی ئەم توخمانە، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە. (YouTube,2012)

لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەم ڕێبازە کارکردنەی موزیک گەشەسەندنێکی گەورە و بەرچاوی لەئەورووپای ڕۆژهەڵات بەخۆوە بینی. ئەم قۆناغە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی ڕۆمانتیک و سەرهەڵدانی موزیکی نەتەوەیی .(Nationalism) بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان لە سەرانسەری وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا دەرکەوتن و زۆربەی وڵاتە ژێردەستەکان لەسەر بنەمای ناسنامەی کولتووری هاوبەش بەدوای سەربەخۆیی و یەکێتیدا دەگەڕان. بۆ ئەم مەبەستە دانەرانی موزیک بە ئیلهام وەرگرتن لەم بزووتنەوانە لە پێناو شانازیکردن بە کولتوور و ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی وڵاتەکانیان، لە موزیکداناندا ڕوویان لە بەکارهێنانی میلۆدی و ڕیتمە ئالۆزەکان و سەما فۆلکلۆرییەکان و پەیژە مۆدالییەکان کرد. (فرێدریک شۆپان، ئەنتۆنین دڤۆراک و میکایل گلینکا). بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی موزیکیان دامەزراند و دواتر لە سەدەی بیستەمدا دانەرانی موزیک لەسەرتاپای جیهاندا بەگشتی وئەمریکای لاتین، ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەتایبەتی ، ڕیتم و میلۆدییە ڕەسەنەکانیان لە هەردوو جۆری موزیکی کلاسیک و فۆلکلۆردا زیاتر چەسپاند. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا، ئاراستەی خستنەکار و بەرجەستەکردنی ڕیتم و میلۆدییە نەریتییەکان لە داڕشتنی موزیکی هاوچەرخدا، لە جاز و ڕۆکەوە تا موزیکی ئەلیکترۆنی هەر بەردەوامە (Jourdain, 1999) .

**١.١ کێشەی توێژینەوە :**

نەبوونی سەرچاوەی کوردی لە شیکردنەوە ئەم پراکتیزەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەورووپای ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، لە چۆنیەتی تێکەڵکردنی ئەم توخمانەی گۆرانی کەلەپوور و ئامانج و فەلسەفەی بەکارهێنانیان لای وڵاتانی ڕۆژئاوا. کێشەیەکی سەرەکییە کە بۆتە هۆی ئەوەی ئێمەی کورد، توخمەکانی گۆرانی کەلەپووریمان بەبێ ئامانج لە موزیکی کوردیدا بەرجەستە بکەین، بێ ئەوەی هاوشێوەی ولاتانی پێشکەوتوو ئامانج و مەبەستمان لە پێشدا دیاری بکەین. چونکە بەکارهێنانی ئەم ڕیتم و میلۆدییە کەلەپوورییانە لە موزیکی گەلاندا، لە هەر قۆناغێکدا ستراتیژ و مەبەست و پەیام و ئامانجی دیاریکراوی لەپشتەوەیە. کەم شارەزایی موزیککارانی کورد و نەبوونی سەرچاوەی کوردی دەربارەی کرداری خستنەکار و بەرجەستەکردنی میلۆدی و سەمای نەریتی ڕۆژئاوا، وەک ئاراستەیەکی فراوانی کارکردنی موزیکیدانەرانی ئەوروپا بەگشتی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بەتایبەت، کێشەیەکی سەرەکی و هۆکاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بوو. چونکە نەبوونی زانیاری موزیکدانەرانی کورد بە چۆنییەتی کارکردنی گەلان بۆتە هۆی چەق بەستوویی موزیکی کوردی.

**٢.١ گرنگی توێژینەوە:**

١ –تیشک دەخاتە سەر بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی نەتەوەیی ئەورووپای ڕۆژهەڵات .

٢ –تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە ناو موزیکی نەتەوەیی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا گێڕاویەتی .

**٣.١ ئامانجی ئەم توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، ناساندنی بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی ڕیتم و سەما و میلۆدی کەلەپوورییە لە موزیکی نەتەوەیی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا .

**٤.١ سنوورەکانی توێژینەوە :**

١.٤.١ سنووری جوگرافی: ئەوروپای ڕۆژهەڵات.

٢.٤.١ سنووری کات: ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم تا سەرەتای سەدەی بیستەم، هاوکاتە لەگەڵ سەرهەلدانی ناسیۆنالیزمی موزیک لەسەرانسەری ئەوروپا. بە لەبەرچاوگرتنی بەرهەمەکانی شۆپان و لەباوەشگرتنی ناسیۆنالیزم لەسەردەمی ڕۆماتیک و کەمبووبوونەوەی لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوە موزیکییە مۆدێنستەکانی وەک شۆنبێرگ و سریالیزم. بەگشتی دەکاتە ماوەی نێوان ١٨٣٠-١٩٢٠.

٣.٤.١ سنووری بابەتی: بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی نەتەوەیی ئەوروپای ڕۆژهەلاتدا.

### ٥.١ شیکردنەوەی زاراوەکان :

**١.٥.١ ڕیتم: (Rhythm)** لە موزیکدا، ڕیتم بریتییە لە ڕێکخستنی دەنگەکان یان نۆتەکان بە پێی کات، کە بە beat دەپێورێت. بەو پێیەی ئەو دەنگە موزیکییانەی کە ئاوازەکان پێکدەهێنن بۆ یەکەی یەکسان ڕێکدەخات. هەروەها نۆتەکانی ئاواز بۆ یەکە یەکسان و جیاوازەکانیان بە پێی کورتی و درێژی کاتی هەر جۆرێکیان ڕێکدەخات. (أمین & سليم، ٢٠٠٢)

٢.٥.١ میلۆدی :(Melody) میلۆدی یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی موزیک، بریتییە لە زنجیرەیەک دەنگی موزیکی ڕێچکە ئاسۆیی میانە جیاواز، کە دانەرانی موزیک لۆژیکییانە بەپێی هەست و هزر و سەلیقەی هونەری بنیاتی دەنێن. (فوأد، ٢٠٢٣)

**٣.٥.١ ڕیتمی کەلەپووری:** ئاماژەن بۆ ئەو شێواز و پێکهاتە ڕیتمییانەی، کە لەڕێگەی نەوەکان لە کولتوورێکی دیاریکراودا بۆ ئەمڕۆ گواستراونەتەوە. ئەم ڕیتمانە گرنگییەکی کولتووری و مێژوویی و کۆمەڵایەتییان هەیە، چونکە ڕەنگدانەوەی ناسنامە و بەها و کاری ڕۆژانەی کۆمەڵگەکانن کە لێیانەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم ڕیتمە بۆماوەییانە، لە موزیک و ئاواز و سەمای فۆلکلۆری گەلانی سەرانسەری جیهان بەدی دەکرێن، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ڕێوڕەسمی کولتووری و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک سەما و فێستیڤاڵ و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانەوە هەیە. ڕیتمەکانی سەما لەڕێگەی نمایشکردنیان لەلایەن گەورەکان و فێربوونی نەوەکان لێیان گواستراونەتەوە .
(Rehfeldt, Tyndall & Belisle, 2021)

سەبارەت بە ڕیتمی کەلەپووری ئەوروپای ڕۆژهەڵات: بریتین لە ڕیتمە کولتوورییە ناهاوسەنگ و ئاڵۆزەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، کە بە ڕێبەرە کێشە ناهاوسەنگ و تاکەکان و نەخشە ڕیتمە ئاڵۆزەکان ناسراون. وەک (8/5، 8/7، 8/9، 8/11)، ئەم ڕیتمانە لە نێو بارەکاندا بەشێوەیەکی نایەکسان گروپ دەکرێن و هاوشێوەی ڕیتمە سادەکان بەسەر دوو کەرتی یەکسان دابەش نابن بۆنموونە (٢+٣ لە کێشی ٨/٥ دا)، یان ( 3+2+2)، (٣+٤) لەکێشی 7/ 8 دا .(بەگشتی ئەم ڕیتمانە ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنیان لە پێکهاتەی توخمە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەکەدا هەیە و کارەکتەری تایبەتی موزیکی وڵاتانی وەک بولگاریا و ڕۆمانیا و باڵقان بەگشتی دیاری دەکەن، کە زۆرێک لەم ڕیتمانە لە سەما نەریتییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە( Sokolov, 1992).

**٤.٥.١ میلۆدی کەلەپووری:** کۆمەڵێک ئاواز و میلۆدییە، کە لە ڕابردوودا لە لایەن باپیرانەوە چڕدراون، بەم شێوەیە بوون بە میرات، بۆیە لە ڕێگەی ئەم میلۆدییانەوە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئەرکیەکانی دەزانرێت و لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە ئەم میلۆدییانە زۆرگرنگن لەوەی کە مەیلی تاک بەهێز دەکەن و بەجۆرێک زیاتر بە زێدی خۆیانەوە دەیاننووسێنێت. (شاكر، ٢٠٢٣) .

میلۆدی کەلەپووری ئەوروپای ڕۆژهەڵات: مێلۆدییە نەریتی و کولتوورییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە، ئاماژەن بۆ شێواز و مۆتیڤ و پێکهاتە جیاوازەکانی موزیک، کە کلتوور و نەریتی موزیکی فۆلکلۆری وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات وەک (پۆڵەندا، هەنگاریا، ئۆکرانیا، ڕۆمانیا، باڵکان و ڕووسیا) پێکدەهێنێت. گەلێک جار لەسەر بنەمای پەیژەی مۆدالییەکانی وەک (دۆریان، فریجیان، هتد...) داڕێژراون، بە جیاواز لەگەڵ میلۆدییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، کە لەسەر بنەمای پەیژەی دیاتۆنیک دامەزراون. لەخۆگرتنی ڕازاندنەوە ئۆرنەمێنتییەکانی وەک تریل و ئەپۆچیاتۆرا و ئەکاستاکاتۆرا و نۆتە خێراکان، تایبەتمەندییەکی دیکەی میلۆدییە کەلەپوورییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتە، کە زۆر جار لەسەر بنەمای ڕیتمە ئاڵۆزەکانی

وەک (8/7 یان 8/9) بنیاتنراون و کە کاریگەری هەندێک لە توخمی کلتوورەکانی وەک سلاڤی، ڕۆمانی، عوسمانی و بیزەنتینییەکانیان بەسەرەوەیە .

لەژێر ڕۆشنایی ئەم تایبەتمەندیانەدا، گۆرانی کەلەپووری گەلی کوردیش ئەو بنەمایەیە کە سەروەرییەکانی ڕوناکبیری و زانستی و ڕۆحی و داهێنانی شارستانییەتەکانی نەتەوەی کوردی لەسەر بنیاد نراوە و تێیدا بابەتە ڕەسەن و نموونە ستانداردەکانمان لە بەها نەتەوەییەکان بۆ فەراهەم دەکەن و توخمەکانی ڕزگاربوون لە میراتی دوێنێ بە پێشکەوتن وگەشەسەندنی بەردەوام وەلا دەنێن، تا دەگاتە ئەوڕادە و بیروڕایەی کە کەلەپو وری کلتووری دەتوانێ متمانەی بەردەوام بە نەوەی ئەمرۆ ببەخشێت. (غازی، ۲۰۲۲)

**٥.٥.١ موزیکی نەتەوەیی:** ئاماژەیە بۆ ئەو پێکهاتە و نەریتە موزیکییانەی کە ڕەنگدانەوەی شوناس و بەها و میراتی کولتووری نەتەوەکان یان نەتەوەیەکی دیاریکراون. ئەم موزیکە، زۆرجار توخمەکانی وەک میلۆدی فۆلکلۆر و ڕیتم و ئامێری موزیکی تایبەت بەم کولتووره لەخۆدەگرێت و بۆ دەربڕینی شانازی نەتەوەیی و مێژوو و ناسنامەی کۆمەڵگاکان بەکاردێت. (الخولي، ١٩٩٢)

**٦.١ چوارچێوەی ڕێکارەکانی توێژینەوە :**

**١.١.١ میتۆدی توێژینەوە:** توێژینەوەیەکی وەصفی شیکارییە، توێژەران لەپێناو شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بابەتی بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی ڕیتم و سەما و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی نەتەوەیی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، پشتیان بە گەلێک پەرتووک و سەرچاوەی نووسراو بەزمانی جیاواز بەستووە. وەک سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی .

**٢.٦.١ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان:** گرنگترین ئەو ئامرازانەی کە توێژەران لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگرتووە، بریتین لە یوتوب، فەیسبوک، بەرنامەی سبلیۆس، ئامێری مۆبایل، کتێب، تێزی دکتۆرا، نامەی ماستەر، وێب سایت و لاپتۆپ.

**٣.٦.١ کۆمەڵگای توێژینەوە:** کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە موزیکی نەتەوەیی لە کۆمەڵگای ئەوروپای ڕۆژهەڵات .

## ٢ .چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە (میتۆدۆلۆژی)

### ١.٢ ڕۆڵ و پێگەی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی گەلاندا .

موزیک وەک فۆرمێکی هونەری گشتگیر و ئاوێنەیەکە بۆ ناساندنی کەلەپوور و مێژووی وڵاتانی جیهان. کاریگەرترین و خێراترین ڕێگایە بۆ ناساندنی ناسنامە و شوناس و کەلەپووری گەلان، لە ڕێگەی بەکارهێنان و خستنەکاری ڕیتم و میلۆدییە کەلەپوورییەکان و سەما میللییەکان، کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵیان لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاکان داکوتاوە. ئەم شێوازە ئاڕاستەیەکی فراوانی کارکردنی موزیکدانەرانە لە سەرانسەری جیهاندا، لە فرە ڕیتمییە ئاڵۆزەکانی ئەفریقاوە بگرە تا میلۆدییە فۆلکلۆرییە هیندییەکان، سرووده ڕەسەنەکانی ئەمریکا و ئەمریکای لاتین و سەما میللی و میلۆدییە فۆلکلۆرییەکانی ئەوروپا بەگشتی و ڕیتمە تایبەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە چوارچێوەی فۆرمە جیاوازەکانی موزیکدا. سەردەمی ڕۆمانتیک و سەرەتای سەدەی بیستەم، ترۆپکی وەرچەرخانی موزیکی نەتەوەیی بوو لە جیهاندا، کە تیایدا بەرجەستەکردنی توخمەکانی موزیکی کەلەپووری، شوناس و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی هەر میلەتێکیان بەرجەستەکرد و دڵنیایی ئەوەشیاندا کە بە شێوەیەکی هاوسەنگ هەم میراتە کولتوورییەکان پارێزراوبن هەم کرداری داهێنان بەرجەستەبێت(Bhabha, 1994) .

ئەفریقیا کە بە هۆی ڕیتمە ئاڵۆز و نامۆکانی، بەوڵاتی لەدایک بوونی ڕیتم ناوبانگی دەرکردووە. موزیککارانی وڵاتەکە بە بەکارهێنانی فرە ڕیتمە ڕەسەنەکان و ئامێرە هەمەجۆرە ڕیتمییەکان کەلەپووری وڵاتەکەیان لە ڕێگای ئامێری(djembe) ، ئامێرە ڕیتمییەکانی دیکەی وەک تەپڵی قسەکەر (Talking Drum) کۆرا (kora) پاراست. بەهۆی (بازرگانیکردن بە کۆیلەکان) ئەم نەریتە موزیکییانەی ئەفریقیا گواسترانەوە بۆ ئەمریکا و لە ئەنجامدا ئەم ڕیتمە ناوازانەی ئەفریقیا کاریگەرییەکی گەورەیان لە موزیکی جاز، بلوز و هیپ هۆپ لە ئەمریکادا دروستکرد (Southern, 1997) .

هەروەها ئەوروپا بەهەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای، بەپێی وڵاتە جیاوازەکان، جۆرەها شێوازی سەما و میلۆدی

و ڕیتمی زۆر دڵڕفێنی فۆلکلۆرییان تێکەڵ بە موزیک کرد. بۆ نموونە: لە ئیرلەندا سەمای فۆلکلۆری گیگ و سێلتیک (Celtic, Jig)، لە ئیسپانیا ڕیتمەکانی فلامینکۆ و لە ئیتاڵیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بریتانیا و تەواوی وڵاتانی دیکە موزیکی کلاسیکییان ڕازاندەوە. لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا سەمای سلاڤی و والز و پۆلکا و پۆلێنێز مازورکای پۆڵەندی لەلایەن بیلابارتۆک، ئەنتۆنین دڤۆراک و فرێدریک شۆپانەوە، شێوازی جیاوازیان پێشکەش بە موزیکی کلاسیکی ناوچەکان کرد . (Taruskin, 2010)

لە باشووری ئاسیا بە تایبەتی لە هیندستان، ڕاگا (Raga) و تالاس(Thalas) ، وەک دوو توخمی فۆلکلۆری، ڕۆڵی بەرچاویان لە ڕێوڕەسمەکانی هیندۆسی و فۆرمەکانی سەمای کلاسیکی هیندی وەک بەهاراتاناتیام (Bharatanatyam) و کاتاک (Kathak) دا بینی، هەروەها موزیکی هیندی کاریگەری لەسەر ستایلی جاز فیوژن بەجێهێشت. ڕاڤی شەنکار بەهۆی ئامێرە میلیەکانی وەک سیتار (sitar) و تەبلا (tabla) جیهانی سەرسام کرد (Craske, 2007) .

لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، پەیژەی پێنتاتۆنیک (pentatonic scale) و نەریتە کۆنەکان لە چین و ژاپۆن و کۆریا، ڕۆڵی گەورەیان لە موزیکی کلاسیکدا بینی و ئامێرەکانی وەک گوچین لە چین، کۆتۆ لە ژاپۆن و گایاجیۆم لە کۆریا، سەرچاوەی موزیکی فۆلکلۆری و کەلەپووریان لە موزیکی مۆدێرندا چەسپاند(McClure,2003) .

ئەمریکا وەک کورەیەکی تواندنەوەی نەریت و کەلەپوورە موزیکییە جیاوازەکان، تێکەڵەیەکی لە ڕەسەنیەتی ڕیتم و میلۆدی ئەفریقیا و ئەورووپا و ئەمریکا، وەک سروودەکانی ئەمریکی و شێوازە فۆلکلۆرییە ئەفریقییەکان دروستکردووە، لە ئەنجامی ئەم تێکەڵکردنە شێوازە هاوچەرخەکانی وەک سامبا، تانگۆ، جاز و بلوز لە ئەمریکا لەدایک بوون (Lena and Peterson, 2012) .

لە موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مۆد (مەقام)، شێوازە ڕیتمە ئاڵۆزەکان، لە ڕێگای ئامێرەکانی وەک عود و قانون و دەربوکا (تەپڵ) بەشێکی سەرەکییان لە موزیکی کەلەپووری پێکهێنا. مۆد و ڕیتمەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەک هەر موزیکی کەلەپووری ناوچەکەیان ناساند، بەڵکو لەهەمان کاتدا دەنگدانەوەیەکی گەورەیان لە موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوادا تۆمارکرد و خۆیان لە نیو موزیکی کلاسیکی جیهانیشدا دۆزیەوە(Farraj and Abou Shumays, 2006) .

لە ئۆقیانووس و زەریای هێمن، کە ناوچەیەکی هاوبەشە لە نیوان کیشوەری ئاسیا و ئۆستراڵیا و ئەمریکای باکوور و باشوور، ڕیتمە فۆلکلۆرییەکان کە نموونەی ڕەسەنی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری ناوچەکەن، وەک سروودەکانی پۆلینیزیا، ژەنینی دیدجیریدۆ (Didgeridoo) ی ڕەسەنی ئوستراليا و سەمای هاکای ماوری، ڕۆڵی بەرچاویان لە فۆرمە موزیکییەکانی سەردەمی نوێ و موزیکی جیهانیدا گێڕاوە(Baker, 2019) .

بەبۆچوونی توێژەران، ڕیتم و میلۆدییە کەلەپوورییەکان تەنیا بەشێک نین لە ڕابردوو جێمابن. بەڵکو موزیکی زیندوو و پەرەسەندنی دیمەنی موزیکی هاوچەرخیان لە سەرانسەری جیهاندا پێکهێناوە و بوونەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ موزیکی مۆدێرن و پردی پەیوەندی نێوان کولتوورەکان، هەم ناسنامە و شوناسی گەلانیان ناساندووە و هەم لە چەمکی نوێخوازیان بنیاتناوە .

### ٢.٢ ڕۆڵ و پێگەی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا .

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، ڕیتم و میلۆدییە فۆلکلۆری و کەلەپوورییەکان، بەدرێژایی سەدەکان هەر لە سەدەی نۆیەمەوە تاکو ئەمڕۆ لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا وەک بنەمایەکی گرنگی کولتووری و کۆمەڵایەتی سەیرکراون. تاکو سەدەی پازدەهەم، موزیکی ناوچەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات تەنها موزیکی فۆلکلۆری زارەکی کۆمەڵگای گوندنشینەکان بوو، کە تایبەت بوو بە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێوڕەسم و فێستیڤاڵ و ئیش و کاری ڕۆژانە و کشتوکاڵ و شوانکاری و هەرەوەزی. بەڵام بوژانەوەی کلتووری ئەورووپای ڕۆژئاوا لەسەدەی شازدەهەم و ڕێنیسانسدا، پریشکی بەر ناوچەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش کەوت. بۆیە لە سەدەی شازدەهەم بەدواوە تاسەرەتای سەردەمی مۆدێرن، ڕیتم و میلۆدی فۆلکلۆری بە هەر دوو جۆری سەما و گۆرانی، خۆیان لە نێو فۆرمی موزیکی کلاسیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا دۆزییەوە. پۆلۆنیز و مازورکا، کە دوو سەمای ڕەسەنی پۆڵەندین، لەسەردەستی (فرێدریک شۆپان) چەندان پارچە موزیکی پیانۆیان لەسەر بنیاتنرا.

سەمای (ڤێربونکۆس) ی هەنگاری لە سەمایەکی میللی و فۆلکلۆرییەوە، کرا بە فۆرمێکی موزیکی ئامێری هێمادار بۆ ناسنامەی نەتەوەیی. کاریگەری گەشەسەندنەکانی تەکنەلۆژی و کرانەوەی کۆمەڵگاکان بەیەکتردا، ئاڵوگۆڕی کولتووری و پێگەی فۆلکلۆری گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپای ڕۆژئاوای لە نێو موزیکی ئەم ناوچانەی ئەورووپای ڕۆژئاوا زیاد کرد و جۆراوجۆری موزیک و سروودی فۆلکلۆری گەلانی وەک عوسمانی و سلاڤی و بێزەنتینی بۆ نێو موزیکی گەلانی ئەورووپای ڕۆژئاوا گواستەوە(Jones and Widdicombe, 1999) .

لەسەدەی نۆزدەهەمدا، بە هۆی ئەوەی زۆربەی ناوچەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەلایەن وڵاتانی زلهێز و ئیمپراتۆریەتەکان داگیرکرابوون، ناسیۆنالیزمی ڕۆمانسی و سەرهەڵدانی قوتابخانە نەتەوەییەکان، کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر موزیکی ئەورووپای ڕۆژهەڵات. لە ئەنجامی بەئاگاهاتنەوەی گەلانی ژێردەستە، چەندین قوتابخانەی نەتەوەیی موزیکدانان دروست بوون. بێگومان دروستبوونی قوتابخانە نەتەوەییەکان، موزیکدانەرانی هاندا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی موزیکەوە وەڵامێک بۆ هەژموونی داگیرکەر و سەرکوتکردنی کولتووری بدەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە موزیکی فۆلکلۆر، وەک توخمێکی سەرەکی لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەییدا، بناغەیەکی زۆر دەوڵەمەندی لە ڕیتم و میلۆدی و توخمە فۆلکلۆرییەکان، وەک کۆگایەک بۆ دانەرانی موزیک دابین کرد. لە ئەنجامدا، شێوازی موزیکی نەتەوەیی جیاوازیان لەسەر بنەمای فۆرمە موزیکییە کلاسیکییەکانی وەک سیمفۆنی، ئۆپێرا و موزیکی ژوور و شێوازی فۆرمە موزیکییە ڕۆژئاواییەکان بەرهەم هێنا و تابلۆیەکی دەوڵەمەندیان لە تێکەڵکردن و بەرجەستەکردنی میراتی ناوچە جیاوازەکانی وەک (بولگاریا، هەنگاریا، چیک، پۆڵەندا، ڕۆمانیا، ڕوسیا، بۆهیمیا) پێکهێنا. ڕیتم و میلۆدییە فۆلکلۆری و نەریتییەکان، کە شوناسی ناوازەی ئەو ناوچانە بوون، هەم لە چوارچێوەی فۆرمەکانی موزیکی کلاسیکی و هەم لە موزیکی هاوچەرخدا لە قاڵب دران. ئەو توخمانە نەک هەر تەنها وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی میراتی کولتووری بەکارهێنران، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ داهێنان لە موزیکی هاوچەرخدا کاریان لەسەر کرا و بەو هۆیەوە پردی بەیەک بەستنەوەی موزیکی فۆلکلۆر و هاوچەرخ بنیاتنرا. ئیمپراتۆریەتی (عوسمانی، نەمسا، هەنگاریا، ڕووسیا)، لەگەڵ کاریگەرییەکانی (سلاڤی، ڕۆمانی و جوولەکە)، هەموویان بەشدارییان لە بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکاندا کرد. بیلابارتۆک و زۆڵتان کۆدالی، بەهۆی گەڕانە ئێثنۆمۆزیکۆلۆژییەکانیان، ڕۆڵی بەرچاویان لە بەبەڵگەکردن و نووسینەوەی نۆتەی میلۆدی فۆلکلۆری لەسەرانسەری ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا گێڕا. کە بەو هۆیەوە زیاتر لە حەوت هەزار میلۆدی فۆلکلۆرییان کۆکردەوە و بە نۆتە نووسیانەوە(Locke, 2009) .

### ٣.٢ قوتابخانە نەتەوەییەکانی موزیک لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات:

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەورووپای ڕۆژهەڵات بەگشتی، بزووتنەوەیەکی فراوانی ناسیۆنالیزمی کولتووری و گۆڕانکاری گەورەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربەخۆیی بەخۆیەوەبینی. ئیمپراتۆریەتەکانی وەک (نەمسا- مەجارستان، ڕووسیا و عوسمانی)، شکستیان پێهێنراو و هێزو دەسەڵات و ناوچەکانی ژێردەستی خۆیان لەدەستدا. ناوچەکانی (بەلقان) بەگشتی، زنجیرەیەک ڕاپەرین و شەڕ و شۆڕیان لە پێناو سەربەخۆییدا بەخۆیانەوەینی. جەنگی سەربەخۆیی یۆنان لەماوەی نێوان (١٨٢١-١٨٢٩)، بووە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی یۆنان، جەنگی کریمە (١٨٥٣-١٨٥٦)، کە تێیدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەن بەریتانیا و فەرەنساوە لە دژی ڕووسیا پشتیوانی لێکرا، بەڵام ئەنجامەکەی کۆنترۆڵی عوسمانی لە ناوچەکەدا زیاتر لاواز کرد و زۆربەی خاکی ئەورووپای لەدەستدا. دوای ڕووخانی ئەو ئیمپراتۆریەتانە و کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، نەخشەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بە دامەزراندنی وڵاتە نوێکان نەخشەی نوێی بۆ کێشرا. ئیمپراتۆریەتی نەمسا-مەجارستان لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٨) داڕما و چەندین وڵاتی نوێی وەک (چیکۆسلۆڤاکیا، ئۆکرانیا، پۆڵەندا، ڕۆمانیا، یوگۆسلاڤیا، نەمسا، هەنگاریا، پۆڵەندا، ئیستۆنیا، لاتڤیا و لیتوانیا ) ی لێ دروست بوو. هەروەها شۆڕشی ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧ ڕووداوێکی گەورە بوو، کە بووە هۆی داڕمانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و سەرهەڵدانی یەکێتی سۆڤیەت. کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەورووپای ڕۆژهەڵات هەبوو، چونکە حکومەتی سۆڤیەت کاریگەری خۆی لەسەر زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەی باڵتیک، ئۆکرانیا، و بێلاڕووس درێژکردەوە و سربیا، ڕۆمانیا و بولگاریا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا. دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکان، دەوڵەت و نەتەوەییە نوێیەکان، ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە دروستکردنی قوتابخانەی موزیکی نەتەوەییدا بینی. بەتایبەت

چیکۆسلۆڤاکیا، هەنگاریا، پۆڵەندا، ڕۆمانیا، کە لە ڕێگەی موزیکەوە ناسنامەی کلتووری خۆیان چەسپاند و موزیکیان کرد بە ئامرازێک بۆ چەسپاندن و پاراستنی میراتی نەتەوەیی خۆیان .

بۆ ئەو مەبەستە سەرجەم وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، قوتابخانە و دامەزراوەی موزیکی نەتەوەییان دامەزراند، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی فەرمی و سیستماتیکی پەرە بەموزیکی نەتەوەیی بدەن. لەم دامەزراوانەدا جگە لە گرنگیدان بە موزیکی کلاسیکی ئەوروپای ڕۆژئاوا، جەختکرایەوە لەسەر هێنان لەسەر بنەمای توخمە کەلەپوورییەکان و نەریتە ناوخۆییەکان. لە ئەنجامدا ئەم قوتابخانە نەتەوەییانەی موزیک بوونە ناوەندێک بۆ پراکتیزەکردنی موزیکی فۆلکلۆری لە ناوچەکەدا، کە لەهەر وڵاتێک چەند ئاوازدانەرێک نوێنەرایەتیان دەکرد. (الخولي، 1964)

ئەم قۆناغە هاوکات بوو لەگەڵ بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی ئەوروپای ڕۆژئاوا، کە جەختی لەسەر موزیکی تاکڕەنی و هەست و سۆز و پەیوەندی بە نیشتمانی مرۆڤەوە دەکردەوە. بەڵام لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات ئەو ڕەوتە شێوازێکی جیاوازی وەرگرت، چونکە ئاوازدانەران لەیەک کاتدا جەختیان لەسەر پاراستنی کلتوور و نوێخوازی و پەیڕەوکردنی فۆڕمە موزیکییەکانی ڕۆژئاوا دەکردەوە، ئەو قوتابخانانەی موزیکی نەتەوەیی هەم وەک خانەیەکی سیاسی و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و خەباتگێڕی کاریان دەکرد و هەم وەک سەکۆیەک بۆ داهێنان و نوێخوازی هونەری، بە ئامانجی دامەزراندنی ناسنامەی موزیکی نەتەوەیی نەتەوە جیاوازەکان لەسەر بنەمای موزیک و سەمای فۆلکلۆری و میللی دەقە مێژووییەکان و شێوازە موزیکییە کەلەپوورییەکانی ناوچەکان. ئاوازدانەرانی وەک بێدریچ سمێتانا و ئەنتۆنین دڤۆراک لە بۆهیمیا، پیۆتر ئیلیچ چایکۆڤسکی لە ڕووسیا و زۆڵتان کۆدالی و بێلا بارتۆک لە هەنگاریا و ئەوانی دیکە، موزیکیان وەک ئامرازێک بۆ جەختکردنەوە کولتووری بەکارهێنا. ئەو قوتابخانە نەتەوەییانەی موزیک، لە ئەنجامی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە سیاسییە فراوانەکاندا سەریان هەڵدا، بەمەبەستی بەئاگاهێنانەوەی خەڵک و خەبات بۆ سەربەخۆیی کولتووری دژی ئیمپراتۆریەتی نەمسا و عوسمانی و ڕووسیا. لەو ڕێگەیەوە ئاوازدانەران و موزیکژەنانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات توانیان میراتی کولتووری خۆیان لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان و ڕیتم و ئامێر و دەقە مێژووییەکان و توخمە زمانەوانییەکان بپارێزن. ئاوازدانەران بە تێکەڵکردنی نەریتە فۆلکلۆرییە ناوخۆییەکان لەگەڵ فۆرمەکانی کلاسیکی ڕۆژئاوایی، دیمەنێکی موزیکی ناوازە و هەمەچەشنیان دروستکرد، کە لە تۆنالیتەدا تایبەتمەندی خۆیانی پێوە دیاربوو .

بە کورتی قوتابخانە نەتەوەییەکانی موزیک ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لەگەشەسەندنی کولتووری و هونەری و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و پەرەسەندنی فۆڕمەکانی موزیکی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە موزیکی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا گێڕا. موزیکدانەران لە ڕێگەی تێکەڵکردنی میراتە فۆلکلۆریی و توخمەکەلەپوورییەکان، شوناس و ناسنامەی نەتەوەییان چەسپاند و پەنجەمۆری خۆیان لەسەر موزیکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و جیهان جێهێشت، لێرەدا گرنگترین قوتابخانە نەتەوەییەکانی موزیکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دەخەینەڕوو. (الخولي، ١٩٩٢)

**١.٣.٢ قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی ڕووسیا:** زاراوەی قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی ڕووسی، ئاماژەیە بۆ ئەو بزووتنەوە موزیکییەی کە لەماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا، دوای ڕووخانی ئیپڕاتۆریەتی ڕووسیا لە موزیکدا سەریهەڵدا. بێگومان ئامانجی موزیکدانەرانی ڕووسیا، دەرهێنانی موزیکی ڕووسی بوو لە ژێر کاریگەری موزیکی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەتایبەتی شێوازی ئەڵمانی و ئیتاڵی و فەڕەنسی، بنیاتنانی شێوازێکی موزیک بوو کە تایبەت بێت بەخۆیان، ناسنامەی ڕووسی پێوەدیاربێت و جیاوازبێت لە موزیکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات. بۆ ئەو مەبەستە توخمەکانی گۆرانی فۆلکلۆر و مێژوو و نەریتە ئایینییەکانی ڕووسیایان تێکەڵ بەموزیک کرد. ئەم شێوازەی موزیکی ڕووسی بە دەستپێشخەری موزیکدانەری ڕووسی میکائیل گلینکا (Mikhail Glinka) دەستی پێکرد، کە لە ئۆپێراکانی وەک A Life for the Tsar, Ruslan) (Lyudmilaدا، نەریتی موزیکی نەتەوەیی ڕووسیای چەسپاند. دواتر (Mily Alexeyevich Balakirev) ، (Cesre Antonnovich Cui)، (Modest Petrovich Mussorgsky)، (Nikolai Andreyevich Rimsky-Korsakov)، (Alexander Porfiryevich Borodin)کە بە پێنج موزیکدانەرە گەورەکە ناسراون لەڕووسیا.. گەشەی تەواویان بەموزیکی نەتەوەییدا لە ڕووسیا. دوای ئەوەی لە بەرهەمەکانیاندا، میلۆدی و ڕیتمی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی ڕووسیایان

تێکەڵ بەموزیک کرد. هەروەها لەڕێگای بەرهەمەکانیان چیرۆک و مێژوو و کلتووری وڵاتەکەیان وێناکرد. جگە لەمەش هەندێک لەم موزیکدانەرانە، لە داڕشتنی بەرهەمەکانیاندا جگە لە کەلەپووری ڕووسی، سوودیان لە ڕیتمەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی وەرگرت. کە ئەمەش نیشانەی فراوانی جوگرافی و فرەچەشنی کلتووری رووسیا دەسەلمێنێت. هەروەها بەکارهێنانی سروودەکانی کڵێسا و پەیڕەی مۆداڵی کاریگەریەکی گەورەیان لەسەر موزیکی نەتەوەیی ڕووسی هەبوو. لەڕووی دەوڵەمەندی ئۆرکێستراوە، موزیکدانەرانی ڕووس لە ڕێگەی بەرهەمەکانیان هونەری ئۆرکێسترایان بەتەواوی پێشخست، بە تایبەت ڕیمسکی-کۆرساکۆڤ کە لە بەرهەمەکانیدا دیمەنی دەنگی زیندوو و ڕەنگاوڕەنگی تێمبەری دەنگی جیاوازی دروست کردووە. دوای ئەم شەپۆلەی ئەو پێنج ئاوازدانەرە گەورەیەی موزیکی نەتەوەیی ڕووسی، کەسایەتییەکی دیکە کە کاریگەری گەورەی لەسەر موزیکی نەتەوەیی رووسیا هەبوو، پیۆتر ئیلیچ چایکۆڤسکی Pyotr Ilyich) (Tchaikovskyبوو. هەرچەندە چایکۆڤسکی لە ڕووی شێوازەوە زیاتر جیهانی بوو، بەڵام توخمەکانی ڕووسی لە بەرهەمەکانی وەک ئۆڤەرتۆر و ئۆپێراکانیدا جێگیر کرد. هەروەها دواتر سێرجی رەحمانینۆف و ئیگۆر ستراڤینسکی و دیمیتری شۆستاکۆڤیچ، هەریەکەیان لەلای خۆیانەوە لە پەرەپێدانی موزیکی نەتەوەیی ڕووسی بەردەوام بوون، کە توخمە نەریتییەکانی ڕووسیان لەگەڵ داهێنانە مۆدێرنەکانیاندا تێکەڵکرد. بێگومان ئەو میراتەی موزیکی نەتەوەیی ڕووسی، کاریگەرییەکەی هەر تەنها لە ناوخۆی ڕووسیا بەجێنەهێشت، بەڵکو بووە ڕێگا خۆشکەرێک بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەی موزیکی نەتەوەیی وڵاتانی دیکەش لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات. ئەم بزووتنەوەیە ڕۆڵێکی سەرەکی لە داڕشتن و پەرەسەندنی موزیکی کلاسیکی ڕووسیدا بینی و کاریگەری بەردەوامی لەگۆڕەپانی موزیکی جیهانی بەجێهێشت (لایختنتریت، ١٩٤٦)

**٢.٣.٢ قوتابخانەی پۆڵەندی بۆ موزیکی نەتەوەیی:** قوتابخانەی موزیکی نیشتیمانی پۆڵەندی، بە مەبەستی بنیاتنانی شێوازێکی جیاواز لە موزیکی کلاسیکی ئەوروپای ڕۆژئاوا دروست بوو. تایبەتمەندی موزیکی ئەم قوتابخانەیە، بەوە دەناسرێتەوە، کە توخمە فۆلکلۆرییە پۆڵەندییەکان لە سەما و ئاواز و ڕیتم تێکەڵ بە فۆرمە موزیکییە کلاسیکییەکان دەکات، یان بە واتایەکی دیکە فۆرمەکانی موزیکی کلاسیکی لەسەر بنەمای کلتووری پۆڵەندا بنیاتنراوە. بێگومان موزیکدانەرانی ناسیۆنالیزمی پۆڵەندا، لە دروستکردنی موزیکی نەتەوەیی چەندان مەبەستی دیاریکراویان هەبوو، کە گرنگترینیان بریتین لە جیاکردنەوەی موزیکی پۆڵەندا لە موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوا و پاراستنی ناسنامەی کەلەپووری پۆڵەندی و بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانی و خەبات بۆ سەربەخۆیی دژی زلهێز و داگیرکەر. بێگومان ڕەگ و ڕیشەی موزیکی نەتەوەیی پۆڵەندا زۆر کۆنە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم سەردەمی ڕێینسانس و باڕۆک، کە موزیکدانەرانی وەک میکۆلاج گۆمۆلکا و ڤۆجیچ دانکۆڤسکی، وەک دوو کەسایەتی ئایینی موزیکی ئایینیان لەسەر بنەمای دەقە پۆڵەندییەکان نووسیوە. لەسەردەمی ڕۆمانتیک و سەدەی نۆزدەهەم، سەردەمی زێڕینی موزیکی نەتەوەیی پۆڵەندیی دەستپێدەکات، بە سەرپەرشتی فریدریک شۆپان، ستانیسلاڤ مۆنیۆسکۆ کە بە باوکی ئۆپێرا پۆڵەندی ناسراوە. لەسەدەی بیستەم و دواتر ئاوازدانەرانی وەک کارۆل شیمانۆڤسکی، ویتۆڵد لوتۆسلاڤسکی، کریستۆف پێندێرسکی و هێنریک گۆرێسکی زیاتر پەرەیان بە قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی پۆڵەندی دا، کەلەپووری پۆڵەندایان تێکەڵ بە تەکنیکە مۆدێرنی موزیک کرد . (Bolesławska-Lewandowska, 2013)

**٣.٣.٢ قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی چیک (بۆ هیمیا):** قوتابخانەی موزیکی نیشتمانی چیک شێوازێکی دیاری موزیکی کلاسیکی چیکی بوو، کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا. ئەم قوتابخانەیە جەختی لەسەر تێکەڵکردنی نەریتە فۆلکلۆرییەکانی چیک و ناسنامەی نەتەوەیی و میراتی کولتووری ئەم وڵاتە دەکردەوە، کە ئەم شێوازە وەک بەشێک لە بزووتنەوە نەتەوەییە فراوانەکان لە سەردەمی ڕۆمانتیک لە سەرانسەری ئەورووپا سەریهەڵدا. لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا، لەو کاتەی کە زۆربەی خاکی ئەم وڵاتە لە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی نەمسا-مەجارستاندا بوو، ئاوازدانەرانی چیک بۆ شۆڕشگێڕی و خەباتی سەربەخۆیی، کولتووری خۆیان لەنێو ئیمپراتۆریەتی نەمسا-مەجارستاندا دووپات کردەوە. بۆ ئەو

مەبەستە موزیکدانەرانی چیک لەڕێگەی بەکارهێنانی میلۆدی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان و سەما میللییەکانی وەک (پۆلکا، فیوریانت و دومکا) لەموزیکەکانیاندا، کلتووری وڵاتەکەیان پاراست. بناغەی موزیکی نیشتیمانی چیک، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بارۆک و کلاسیک، کە ئاوازدانەرانی وەک یان دیسماس زێلێنکا و فرانتیشێک بێندا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی نەریتە ئایینییەکانی چیک بەشدارییەکی کارایان لە موزیکی ئەورووپادا کرد. دواتر لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئاوازدانەرانی وەک بێدریچ سمێتانا کەبە باوکی موزیکی نەتەوەیی چیک ناسراوە و ئەنتۆنین دڤۆراک، موزیکی ڕۆمانتیکی نەتەوەیی چیکیان چەسپاند . (Matselyukh, 2021)

**٤.٣.٢ قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی هەنگاریا:** ئەم قوتابخانەیە بزووتنەوەیەکی موزیکی کلاسیکی هەنگاری بوو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەسەر دەستی گەورە موزیکدانەرانی وەک ( فرانز لیست، بیلابارتۆک، زۆڵتان کۆداڵی) بە ئامانجی پاراستنی ناسنامەی کەلەپووری هەنگاریا و دەربڕینی هەستی نیشتیمانی و خەبات بۆ سەربەخۆیی لە چوارچێوەی ململانێ سیاسی و کولتوورییەکانی هەنگاریا دژ بە ئیمپراتۆریەتی نەمسا-مەجاریدا سەریهەڵدا. ئەم بزووتنەوەیە هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوەییەکانی سەردەمی ڕۆمانتیک، ڕۆڵێکی گەورەی لە موزیکی نەتەوەیی وڵاتەکەدا بینی. موزیکی ڕاپسۆد وەک فۆرمێکی ڕیتم ئازاد، تایبەتمەندییەکی دیاری موزیکی نەتەوەیی هەنگاری نمایشکرد، کە لە ڕێگەی فرانز لیستەوە ڕۆڵی گەورەی لە دەربڕینی توخمە فۆلکلۆرییەکانی هەنگاریادا بینی. هەرچەندە فرانز لیست تەنها سەرنجی لەسەر موزیکی هەنگاری نەبوو، بەڵام حەز و خواستی فرانز لیست لە ناساندنی کەلەپووری هەنگارییدا، لەسەر ئاستی جیهان دەنگی دایەوە. هەروەها بیلابارتۆک وەک موزیکدانەرێکی پێشکەوتوو و ئێتنۆموزیکۆلۆگێک، ڕۆڵی گەورەی لە کۆکردنەوە و نووسینەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییە ڕەسەنەکانی هەنگاریادا بینی و میلۆدی و ڕیتمە مۆداڵییەکانی هەنگاریای لە بەرهەمەکانیدا جێگیر کرد. زۆڵتان کۆدالی، هەرچەندە بە موزیکدانەرێکی هاوچەرخی هەنگاری ناسراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا هاوشێوەی بیلا بارتۆک، ڕۆڵێکی سەرەکی لە کۆکردنەوە و شیکردنەوە و بەکارهێنانی موزیکی فۆلکلۆری هەنگاریادا گێڕا(Vinci, 2019) .

**٥.٣.٢ قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی ڕۆمانی:** موزیکی نەتەوەیی ڕۆمانیا تابلۆیەکی دەوڵەمەند و هەمەچەشن لەڕەنگدانەوەی مێژوو و کولتووری ناوچە جیاوازەکانی وڵاتەکە لە چوارچێوەی فۆرمە موزیکییە مۆدێرنەکان پێشکەش دەکات. پەیژە مۆداڵییەکان و مۆدەکانی بیزەنتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕیتمە ئاڵۆزەکانی وەک 8/5 ، 8/7 کاریگەرییەکی گەورە و تۆناڵییەکی ناوازەیان بە موزیکی ڕۆمانی بەخشیوە. ئەوەی ئۆرکێسترای ڕۆمانی لە وڵاتانی دیکە جیا دەکاتەوە، لەباوەشگرتنی هەندێک لە ئامێری نەریتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتە وەک (نای، کەمانچە، ئۆکۆردیۆن، چیمبەلۆ)، هەروەها ئامێرە نەریتییەکانی وڵاتەکەیە وەک تەمباڵ و کۆبزا کە دوو ئامێری ژێداری ڕۆمانین و ڕۆڵی گەورە لە دابینکردنی بناغەی ڕیتمی لە موزیکی ڕۆمانیدا دەگێڕن. هەروەها شێوازە تایبەتەکانی موزیکی ڕۆمانی لە گۆرانی و سەما، تایبەتمەندیەکی دیاری موزیکی ڕۆمانی دەردەخەن، کە لە موزیکی نەتەوەییدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهێنراون وەک گۆرانی دۆینا کە گۆرانییەکی ڕیتم ئازادە و گوزارشت لە حەسرەت و خەمۆکی دەکات. هۆرا، کە سەمایەکی کۆمەڵایەتییە لە بازنەیەکدا، هەروەها سەربا کە سەمایەکی خێرایە لە ٨/٦ دا. دیارترین موزیکدانەرانی قوتابخانەی نەتەوەیی لە ڕۆمانیا بریتین لە (جۆرج ئێنێسکو، سیپریان پۆرومبێسکو)(Toledo, 2013)

**٦.٣.٢ قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی لە بولگاریا:** قوتابخانەی موزیکی نیشتمانی بولگاری، وەک بزووتنەوەیەکی خۆ جیاکەرەوە لە موزیکی کلاسیکی ئەوروپا ، لەسەر بنەمای ئیلهام وەرگرتن لە فۆلکلۆری وڵاتەکە لە سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا. موزیکی نەتەوەیی بولگاریا بە تێکەڵکردنی توخمە فۆلکلۆرییە نەریتییەکانی ناوچەکانی وڵاتەکە، لەگەڵ فۆرمە موزیکییە کلاسیکیەکانی موزیکی ڕۆژئاوایی، شێوازێکی ناوازە و زیندووی موزیک پێشکەش بە دنیای دەرەوە دەکەن. ڕیتمە ئاڵۆز و ناهاوسەنگەکانی وەک (٨/٧، ٨/٩، ٨/١١)، نەریتە دەوڵەمەندەکانی میلۆدی بولغاری بەردی بناغەی موزیکی نەتەوەیی وڵاتەکەیان داناوە و ئامێرە نەریتییەکانی وەک (گایدا هاوشێوەی باگپایپ، کاڤاڵ هاوشێوەی فلوت و تامبورا

وەک ئامێرێکی ژێدار)، ئۆرکێسترای بولگاریان بەتەواوی جیاکردۆتەوە لە وڵاتانی دیکە. هەرچەندە ئەم بزووتنەوەی موزیکە لە بولگاریا، ڕەگ و ڕیشەی لەسەر بنەمای فۆلکلۆری بولغاری دارشتووە، بەڵام لە ژێر کاریگەری فۆرمەکانی سیمفۆنی و ئۆپێرا و موزیکی ژووری کلاسیکی ڕۆژئاوایی بوو. موزیکدانەرانی پێشەنگی قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی بولگاریا بریتین لە پێتکۆ ستاینۆڤبولگا لە سەرانسەری جیهاندا، نەریتە نەتەوەییەکانیان خستە نێو موزیکی کلاسیکی خۆیان. سربیاش لەو سەردەمەدا کە خەریکی خەباتی سەربەخۆیی بوو لەژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە ڕێگەی موزیکەوە گورزی گەورەی بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەشاند و موزیک وەک هێمایەک بۆ بەئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگا ڕۆڵی سەرەکی بینی. دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، دەرکەوتنی سڕبیا وەک وڵاتێکی نوێ و سەربەخۆ، موزیک ڕۆڵی گەورەی لە ناساندنی کلتووری سڕبیا بە دنیای دەرەوە بینی. ستیڤان مۆکرانجاک، کە بەباوکی موزیکی سڕبیا ناسراوە، بەتێکەلکردنی میلۆدییە فۆلکلۆرییەکان لە زنجیرە بەرهەمە کۆراڵەکانی، بناغەی موزیکی کلاسیکی سڕبیای دانا و سروودە نەریتییەکانی کڵێسای ئۆرتۆدۆکسی زیندوو کردەوە. جۆسیف مارینکۆڤیچ لە ماوەی نیوان (١٨٥١-١٩٣١)دا، توانی لە بەرهەمە دینی و دنیاییەکانیدا، تێکستی ئەدەبی و شیعری سڕبی و نەریتە فۆلکلۆرییەکان بپارێزێت. هەروەها کۆرنێلی ستانکۆڤیچ (١٨٣١-١٨٦٥)، ڕۆڵی سەرەکی لە کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی سڕبیادا بینی. دواتر لە ڕێگەی موزیکە کلاسیکییەکانی کلتووری موزیکی وڵاتەکەی ناساند و بنەمای قوتابخانەی نیشتیمانی سڕبی دامەزراند. ئیسیدۆر باجیچ (١٨٨٣-١٩٧٠) کەسایەتییەکی دیکەی گرنگ بوو لە موزیکی کلاسیکی سڕبیا، کە لە ئۆپێرا و بەرهەمە پیانۆ و ئۆرکێسترایییەکانی نەریتە فۆلکلۆرییەکانی سربیای بە فۆرمەکانی موزیکی ڕۆژئاوادا بەستەوە و کاریگەری گەورەی کردە سەر ڕەوتی موزیکی نەتەوەیی لەو وڵاتەدا. پێتار کۆنیۆڤیچ، کە موزیکژەن و ئاوازدانەرێکی لێهاتوو بوو لە ماوەی نێوان (١٨٧٨-١٩١٥) دا، لە ئۆپێرا و بەرهەمە ئۆرکێسترایییەکانی ژیانی گوندنشینی سربیا نمایش دەکات. ئەوەی کە توخمە فۆلکلۆرییەکانی سڕبیا جیادەکاتەوە، بریتییە لە میلۆدی فۆلکلۆری و پەیژەی مۆداڵییە ڕۆژهەڵاتییەکان و فۆرمە سەماتایبەتەکان و ڕیتمە ئاڵۆز و ناهاوسەنگەکانی وەک (٧/٨، ٩/٨، ١١/٨)(Jakovljević, 2012) .

**٨.٣.٢ قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی سلۆڤاکیا**: قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی سلۆڤاکیا ئاماژەیە بۆ بزووتنەوەیەک لە موزیکی سلۆڤاکیا لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بە ئامانجی پەرەپێدانی شوناسی نەتەوەیی لە ڕێگەی موزیکەوە سەریهەڵدا. بەشێک بوو لەو ڕەوتە فراوانەی نەتەوەیی کە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان و ئەورووپای گرتەوە، کە هەوڵیان دەدا سەربەخۆیی کولتووری و هەستی نەتەوەیی لە ڕێگەی شێوازەکانی موزیکی کلاسیکی و فۆرمەکانی موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوا دووپات بکەنەوە. یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی قوتابخانەی سلۆڤاکیا، تێکەڵکردنی نەریتی موزیکی فۆلکلۆری سلۆڤاکیا بوو لەگەڵ موزیکی کلاسیکدا. کە موزیکدانەران لە بەرهەمەکانیاندا میلۆدی و ڕیتم و ئامێری فۆلکلۆری سلۆڤاکیان بەکاردەهێنا. دیارترین موزیکدانەرانی موزیکی نەتەوەیی کە هەوڵیان دەدا ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگەی موزیکەوە دووپات بکەنەوە بریتی بوون لە (جودۆڤیت شتور، لیڤۆسلاڤ بێلا)، هەرچەندە جودۆڤیت شتور بە پلەی یەکەم وەک زمانزان و کەسایەتییەکی سیاسی ناسراوە، بەڵام بیرۆکەکانی یارمەتیدەر بوون لە دانانی بنەمای ناسیۆنالیزمی کولتووری سلۆڤاکیا، کە کاریگەری گەورەی لەسەر موزیکی سلۆڤاکیا بەجێهێشت. هەروەها لیڤۆسلاڤ بێلا، کە بە یەکەم موزیکدانەری سلۆڤاکی دادەنرێت کە لە بەرهەمە سیمفۆنی و کۆراڵەکانی ناسنامەی نێودەوڵەتی لە موزیکی نەتەوەیی سلۆڤاکیا بەدەستهێناوە. هەروەها (میلان چێرنای و پاڤۆڵ جۆزێف شافاریک) یش وەک دوو موزیکدانەری دیار بەشێک بوون لە بزووتنەوەکە و بەشدارییان لە گەشەسەندنی فیکری و هونەریدا کرد. لە سەردەمی چەوسانەوەی سیاسی لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی نەمسا-مەجارستاندا، قوتابخانەی موزیکی نیشتمانی سلۆڤاکیا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی سلۆڤاکیا هەبوو. ئەم بزووتنەوەیە بەشێک بوو لە هەوڵێکی گەورەی ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانی سلۆڤاکیا بۆ پەروەردەکردن و دەربڕینی هەستی نەتەوەیی و شانازیکردن بە کەلەپووری سلۆڤاکیا(Škapcova, 2019) .

**٩.٣.٢ قوتابخانەی مۆزیکی نەتەوەیی ئۆکرانیا:** قوتابخانەی مۆزیکی نیشتمانی ئۆکرانیا ئاماژەیە بۆ نەریت و بزووتنەوەیەک لە مۆزیکی ئۆکرانیادا، جەختیان لەسەر پەرەپێدان و پاراستنی مۆزیکی فۆلکلۆری ئۆکرانیا، لە چوارچێوەی فۆرمەکان و تەکنیکە مۆزیکییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەکردەوە. ئەم ڕێبازە لە سەرەتای سەدەی بیستەم ڕۆڵێکی گەورەی لە داڕشتنی ناسنامەی مۆزیک و کولتوور و مێژوو و زمانی ئۆکرانیا لە مۆزیکی هونەریدا بینی. کە مۆزیکدانەرانی وڵاتەکە چالاکانە توخمەکانی مۆزیکی فۆلکلۆری ئۆکرانیایان لە میلۆدی و ڕیتم و ئامێرە میللییەکان لە مۆزیکەکانیاندا جێگیر کرد. ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی ئۆکرانیا، کە لەو کاتەدا لەژێر هەژموونی دەرەکی و ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا دا بوو. ئەو مۆزیکدانەرانەی کە لە قوتابخانەی مۆزیکی نەتەوەیی ئۆکرانیادا ڕۆڵی سەرەکییان بینی بریتین لە (میکۆلا لیسێنکۆ)، کە بە باوکی مۆزیکی کلاسیکی ئۆکرانی و دامەزرێنەری ئۆپێرا نەتەوەیی لە ئۆکرانیا دادەنرێت، زۆربەی ئاوازەکانی لە گۆرانی و تەوەرە فۆلکلۆرییەکانی ئۆکرانیا وەرگرتووە. هەروەها (کیریل ستێتسنکۆ)، کە ئاوازدانەر و ڕێبەر و کەسایەتییەکی دیارە لە مۆزیکی کۆراڵی ئۆکرانیادا، بەهۆی ئەوەی شێوازە فۆلکلۆرییەکانی ئۆکرانی تێدا بەکارهێناون. (لیڤ ڕیڤوتسکی)، ئاوازدانەرێکی دیکەبوو کە نەریتە کلاسیکییەکانی ڕۆژئاوای لەگەڵ مۆتیڤی فۆلکلۆری ئۆکراینی لە بەرهەمە کۆراڵییەکانی تێکەڵکرد. بەگشتی مۆزیکی کۆراڵ، وەک میدیایەکی سەرەکی بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوەیی لەلایەن مۆزیکدانەرانی ئۆکرانیا بەکاردەهێنرا، بەرهەمە دەنگییەکان پێکهاتەیەکی دەوڵەمەندیان لەسەر بنەمای بابەت و مێژووی فۆلکلۆری ئۆکراینی پێکهێناو بەرهەمە کۆراڵییەکان بوونە بەشێکی گرنگ لە کلتووری ئۆکرانیا. هەروەها قوتابخانەی ئۆکرانی بەشدارییەکی کارای لە مۆزیکی ئۆپێرا و ئۆرکێستراییدا کردوو و ئاوازدانەرانی وەک (میکۆلا لیسێنکۆ و کیریل ستێتسنکۆ و لیڤ ڕیڤوتسکی)، لەسەردەمی سەرکوتکاری سیاسی و ژێردەستەیی ئۆکرانیا، سەرچاوەی ڕەنگدانەوەی بابەت و ئەفسانە و ڕووداوە مێژووییەکانی ئۆکرانیا بوون لەبەرهەمەکانییاندا (Alyeksyeyeva, 2019) .

**٤.٢ دیارترین مۆزیکدانەرانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و بەرهەمەکانیان**، کە ڕۆڵی کارایان لە تێکەڵکردنی ڕیتم و میلۆدی نەریتی و فۆلکلۆری گێڕا، ئەمانەی خوارەوەن .

**١.٤.٢ فرێدریک شۆپان: (Frederic Francois Chopin)** مۆزیکدانەری پۆڵەندی فرێدریک شۆپان، لەماوەی نێوان ١٨١٠-١٨٤٩ دا ژیاوە. بە پێشەنگی مۆزیکی پیانۆ دادەنرێت لە ڕۆمانتیکدا. ژمارەیەکی زۆر سۆلۆی پیانۆی لە جۆری (مازورکا و پۆلۆنێز) لەسەر بنەمای سەما ڕەسەنە پۆڵەندییەکان نووسیوە. دیارترین پارچەکان بریتین لە:

-پۆلۆنێزی پاڵەوان لە لابیمۆڵ مێجەر(Heroic Polonaise in A-flat major, Op. 53) ، بۆ سۆلۆی پیانۆ .

-(مازۆرکا) کان، کە شۆپان (48) پارچە مۆزیکی لە جۆری مازۆرکا، لەسەر بنەمای سەما فۆلکلۆرییە پۆڵەندییەکان بۆ سۆلۆی پیانۆ لە ماوەی نێوان ١٨٢٥-١٨٤٩ دا نووسیوە، بەناوبانگترینیان، Mazurka in B-flat minor, Op. 24, No. 4. (Cintron, 2014)

**٢.٤.٢ ئەنتۆنین دڤۆراک: (Antonin Dvorak)** مۆزیکدانەرێکی کۆتایی سەردەمی ڕۆمانتیک بوو لە ماوەی نێوان (١٨٤١-١٩٠٤) دا، بەتێکەڵکردنی توخمە فۆلکلۆرییەکانی چیکی و سلاڤی ، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دامەزراندنی مۆزیکی نەتەوەیی (Nationalism)دا بینی. دیارترینیان بریتین لە:

-سەمای سلاڤۆنی، سلاڤیک دانس (Slavonic Dance) :لەدوو بەرهەم پێکدێن بۆ چوار دەستی پیانۆ، هەریەکەیان لە هەشت سەما پێکهاتووە، لەسەر بنەمای سەما میللییە سلاڤۆنییەکانی وەک پۆلکا، دومکا و فوریانت. کە بریتین لە Slavonic Dances, Op. 46 (1878)، Slavonic Dances, Op. 72 (1886).

-Symphony No. 9 in E Minor, "From the New World", Op. 95، لەو کاتەی لە ئەمریکا ژیاوە نووسیویەتی فۆلکلۆری چیکی و ئەمریکی تێکەڵکردووە .

-Czech Suite, Op. 39-سویتی چیک بۆ مۆزیکی ژوور نووسیویەتی، لەسەر بنەمای سەمای فۆلکلۆری چیکی وەک پۆلکا، ڕۆمانس و فوریێنت .

-Symphony No. 7 in D Minor, Op. 70، ئەم بەرهەمە دەربڕینێکی قوڵە لە فۆلکلۆری چیکی .

- Piano Trio No. 4 in E Minor, Op. 90، بەناوبانگترین تریۆ پیانۆی ئەنتۆنین دڤۆراکە کە بە Dumky ناسراوە، لەسەر بنەمای میلۆدی گۆرانییەکی فۆلکلۆری سلاڤی دارێژراوە .
- Furiant in D Minor, Op. 21، ئەم بەرهەمە کارێکی کورت و ڤێرتۆزییە بۆ سۆلۆی پیانۆ، کە ڕیتمی سەما میلییە چیکییەکانی تێکەڵ کردووە .
- دویێتەکانی مۆراوی(Moravian Duets) ، کە لەساڵی ١٨٧٦ بۆ هێڵی دەنگی سۆپرانۆ و ئاڵتۆ بەیاوەری پیانۆ نووسیویەتی، گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەی مۆراوی بەکارهێناوە .
- Czech Songbook, Op. 3 (Czech Folk Songs)، کۆمەڵێک بەرهەمی گۆرانین لە نەریتە فۆلکلۆرییەکانی چیکییەوە وەرگیراون(Shinsky, 2023) .

**٣.٤.٢ بێدریچ سمێتانا :(Bedrich Smetana)** موزیکدانەرێکی چیک بوو لە ماوەی نێوان (١٨٢٤-١٨٨٤) دا، بەهۆی بەرهەمە نەتەوەییەکانی بە باوکی موزیکی چیک دادەنرێت. دیارترین بەرهەمەکان کە لەسەر بنەمای ڕیتمو سەمای فۆلکلۆری چیکی و بۆهیمی نوسیویەتی ئەمانەی خوارەوەن.

- Ma Valsa، بەرهەمێکە لە جۆری شیعری سیمفۆنی (symphonic poem) لە شەش جولەدا،
- The Bartered Bride: ئۆپێرایەکی کۆمیدییە،
- سەمای چیکی :(Czech Dances)
- چوارینە ژێداری ژمارە ١ لە می ماینەردا.
- ئۆپێرای.The Brandenburgers in Bohemia
- Triumphal Symphony ناسراو بە (Festive Symphony)

**٤.٤.٢ بێلابارتۆک (هەنگاریا):** بێلا بارتۆک، یەکێکە لە پێشەنگترین موزیکدانەرانی سەدەی بیستەم، کە لە تێکەڵکردنی میلۆدی و سەما و ڕیتمە کەلەپوورییەکانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەتایبەت هەنگاریا، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا لە موزیکی خۆیدا ڕۆڵی گەورەی بینیەوە. لێرەدا چەند بەرهەمێکی بەناوبانگی دەخەینەڕوو .

- Romanian Folk Dances 1915، سەرەتا بۆ سۆلۆی پیانۆ نووسی، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩١٧ دا کردی بە ئۆرکێسترا، لە شەش جولـەی کورت پێکدێت، هەریەکەیان لەسەر یەکێک لە سەما فۆلکلۆرییە ڕۆمانییەکانی وەک (Stick Dance, Hornpipe Dance).
- Hungarian Folk Songs، کۆمەڵێک پارچە موزیکن بۆ دەنگ لەگەڵ پیانۆ، کۆراڵ، دویێت، ئۆرکێسترا، سۆلۆی پیانۆ. لە سەر بنەمای میلۆدی فۆلکلۆری هەنگاری.
- String Quartets (Nos. 3, 4, 5)، لەسەر بنەمای ڕیتمە نایاساییەکان و میلۆدی فۆلکلۆری هەنگاری و کاریگەری دەنگی سروشت .
- Contrasts 1938، بۆ کەمان، کلارنێت و پیانۆ لەسەر میلۆدی فۆلکلۆری هەنگاری.
- Microcosmos، کۆمەڵێک پارچەن بۆ سۆلۆی پیانۆ لە ماوەی نێوان (1926–1939) بۆ مەبەستی پەروەردەیی لەسەر بنەمای میلۆدی فۆلکلۆری هەنگاری و بولگاری.
- Dance Suite 1933، پارچەیەکە بۆ ئۆرکێسترا لە شەش جولەدا، لە سەر بنەمای میلۆدی فۆلکلۆری هەنگاری، ڕۆمانی و عەرەبی.
- Out of Doors Suite1926-، پارچەیەکە بۆ سۆلۆی پیانۆ لە سەر بنەمای سەما فۆلکلۆری هەنگاری .
- Two Rhapsodies for Violin and Piano 1928, 1929، دوو پارچەن بۆ کەمان و پیانۆ لەسەر بنەمای ماتەمینی و سەما و شێوازە ئیرتیجالییەکان لە نەریتی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا(Lee, 2006) .

**٥.٤.٢ زۆڵتان کۆدالی (هەنگاریا)** زۆڵتان کۆدالی، هاوکارێکی نزیک بوو لە بێلا بارتۆک، بە قووڵی پابەند بوو بە جێگیرکردنی فۆلکلۆری هەنگاری لە بەرهەمەکانیدا. لێرەدا بەناوبانگترین بەرهەمەکانی لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو .

-(Hary Janos Suite (1926، پارچەیەکە بۆ ئۆرکێسترا لەسەر بنەمای فۆلکلۆری هەنگاری.

-(Dances of Galanta (1933، پارچەیەکە بۆ ئۆرکێسترا لەسەر بنەمای سەمای (ڤێربۆنۆکس) ی هەنگاری.

-Dances of Marosszek (1930) ، سەرەتا بۆ سۆلۆی پیانۆ بوو، دواتر کردی بە ئۆرکێسترا، لەسەر بنەمای سەمای فۆلکلۆری هەنگاری.

-Folk Song for Choir، فۆرمی جۆراوجۆرن بۆ کۆراڵ، لەسەر بنەمای گۆرانی فۆلکلۆری ناوچەی ماترا لە هەنگاریا .

-Folk Songs for Children، کۆمەڵێک بەرهەمن بۆ دەنگی منداڵان بە یاوەری پیانۆ، بە ئامانجی پەروەردەیی، ڕێکخستنی میلۆدییە فۆلکلۆرییە سادەکانە بۆ هاندانی منداڵان بۆ فێربوونی موزیک(Haboczki, 2018) .

**٦.٤.٢ فرانز لیست (هەنگاریا)**

-ڕاپسۆدە هەنگارییەکان (Hungarian rhapsodes) (١٨٤٦-١٨٨٥): ئەم کۆمەڵە بەرهەمە بۆ سۆلۆی پیانۆیە، کە توخمەکانی جیپسی و موزیکی فۆلکلۆری هەنگاری دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕیتمە وزەبەخشەکان، ڕازاندنەوە و بابەتە تایبەتەکانی موزیکی هەنگاری. شایانی باسە هەندێک لەم پارچانە دواتر کران بە ئۆرکێسترا. بەگشتی، فرانز لیست لەم ڕاپسۆدانەی دا، تەکنیکەکانی پیانۆی بۆ لاساییکردنەوەی دەنگی ئامێر و ڕیتمە فۆلکلۆرییەکان بەکارهێناوە (Vidovic, 2012) .

**٧.٤.٢ میکائیل ئیڤانۆڤیچ گلینکا:** موزیکدانەرێکی ڕووسییە کە لە ماوەی نیوان (١٨٠٤-١٨٥٧) ژیاوە و بەباوکی موزیکی کلاسیکی ڕووسی دادەنرێت. لە کارەکانیدا بناغەی پەرەپێدانی شێوازێکی تایبەت و جیاوازی موزیکی ڕووسی دانا و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئاوازدانەرانی دوای خۆی بەتایبەت پێنج ئاوازدانەرە گەورە ڕووسەکە و پیۆتر ئیلیچ چایکۆڤسکی بەجێهێشت. یەکەم موزیکدانەری ڕووسی بوو کە میلۆدی فۆلکلۆری ڕووسی و ئیلهامەکانی ئەدەبی لە ڕێگەی ئۆپێراکانی خستە نێو موزیکی کلاسیکی ڕووسی ((Morris, 2018 .

**٨.٤.٢ میلی ئەلێکسیڤیچ بالاکیرێڤ** :(Mily Alexeyevich Balakirev) ئاوازدانەر و ڕێبەر و پەروەردەکاری کاریگەری موزیکی ڕووسی بوو لە ماوەی نێوان (١٨٣٧-١٩١٠) دا، کە بە سەرکردەی پێنج موزیکدانەرە گەورە ڕووسەکە ناسراوە و لەماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە ڕێگەی تێکەڵکردنی میلۆدی و ڕیتم و تەوەرەکانی فۆلکلۆری ڕووسی و ئیلهام وەرگرتن لە مێژوو و فۆلکلۆر و موزیکی نەریتی ڕووسیا، ڕۆڵێکی سەرەکی لە ناساندن و بەرەوپێشبردنی موزیکی نەتەوەیی ڕووسیادا بینی. هەروەها ژمارەیەکی زۆر گۆرانی فۆلکلۆری ڕووسی کۆکردەوە و نۆتەی گۆرانیەکانی نووسییەوە، دواتر لە بەرهەمە ئۆرکێسترایی‌یەکانیدا جێگەی کردنەوە و بەو هۆیەوە ئاوازدانەرانی دوای خۆی هاندا کە کار بۆ پاراستنی میراتی کلتووری ڕووسیا بکەن. هەروەها لە بەکارهێنانی ڕیتمەکانی سەما و پەیژەی مۆداڵییدا ڕۆڵێکی گەورەی لەبەرهەمەکانیدا بینی. دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە:

-فانتازیای سۆلۆی پیانۆ :(Islamey Oriental Fantasy) فۆلکلۆری ناوچەی قەفقاز لە ڕووسیا لەخۆدەگرێت.

-ئۆڤەرتیور لە سەر بابەتە ڕووسییەکان :(Overture on Russian Themes) بابەتێکە بۆ ئۆرکێسترا بە فۆرمی سۆناتا ئەلیگرۆ. لەسەر بنەمای گۆرانییە فۆلکلۆرییە ڕووسییەکان.

-سیمفۆنیا لە دۆ مێجەر :(Symphony in C Major) میلۆدی و ڕیتمەکانی فۆلکلۆری ڕووسی لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی لە جووڵەی یەکەم و چوارەمدا

-مازۆرکای پیانۆ ژمارە ١ لە دۆ دێز ماینەر، ئیلهامی ئەم بەرهەمەی لە مۆدێلی سەما فۆلکلۆرییە پۆڵەندییەکان وەرگرتووە، بەڵام توخمی میلۆدی و هارمۆنیکی ڕووسی بەکارهێناوە (Kim, M. 2007) .

**٩.٤.٢ نیکۆلای ئەندرێڤیچ ریمسکی کۆرساکۆڤ ١٨٤٤-١٩٠٨: (Nikolai Rimsky–Korsakov)** موزیکدانەرێکی موزیکی نەتەوەیی ڕووسی بوو لە ماوەی نێوان ١٨٤٤-١٩٠٨، یەکێک بوو لە ئەندامانی گرووپی پێنج دانەرە گەورە ڕووسەکە، کەناسنامەی موزیکی نەتەوەییان لە ڕووسیا دامەزراند و موزیکی کلاسیکی ڕووسیان لە موزیکی ئەوروپای ڕۆژئاوا جیا کردەوە. ئەم ئاوازدانەرە یەکێک بوو لەو کەسایەتییانەی کە شارەزایی باشی لەموزیکی ئۆرکێستراییدا هەبوو، بەرهەمە ئۆرکێسترالییەکانی دەنگدانەوەی گەورەیان لەسەر ئاستی جیهانی تۆمارکرد، بەناوبانگترین بەرهەمەکانی بریتین لە (Scheherazadeh, Capriccio Espanyol and the Russian Easter Festival Overture)، کە لەسەر بنەمای سوودوەرگرتن لە بابەتەکانی ڕۆژهەڵات و ڕووسی بنیاتی ناون. بەگشتی بەرهەمەکانی میلۆدی و شێوازە ڕیتمییە فۆلکلۆرییەکانی ڕووسی لەخۆدەگرن و تامێکی ڕەسەن و ناوازە لە ناسنامەی کلتووری ڕووسی پێشکەش دەکەن. هەروەها بەرهەمە ئۆپێراییەکانی ڕەگ و ڕیشەی قووڵ لە فۆلکلۆر و مێژووی ڕووسیا نمایش دەکەن، لەم بارەیەوە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی بریتین لە :

-سویت سیمفۆنی شەهرەزاد :(Scheherazade) لەسەر بنەمای چیرۆکی هەزار و یەک شەو دانراوە، پەیژەی مۆداڵی و میلۆدییە نامۆکانی تێدایە کە فۆلکلۆری نەریتی موزیکی ڕۆژهەڵاتی سلاڤیەکانە .

-ئۆپێراکانی کچە بەفر(Snegurochka) ، کۆترە زێرینەکە(The Golden Cockerel) ، سادکۆ (Sadko) و بووکی تزار(The Tsar’s Bride) ، ئەم ئۆپێرایانە لەسەر بنەمای چیرۆکێکی فۆلکلۆری ڕووسیین، پڕن لە میلۆدی و ڕیتمە فۆلکلۆرییەکان.

-سویت ئۆرکێسترای گۆرانی فۆلکلۆری ڕووسی(Russian Folk Song Suite). (Reeve, 2005)

**١٠.٤.٢مۆدێست پترۆڤیچ موسۆرگسکی :(Modest Mussorgsky)** ئاوازدانەرێکی شۆڕشگێڕی ڕووسی بوو، کە لەماوەی نێوان (١٨٣٩-١٨٨١)دا، لە ڕێگەی بەرهەم داهێنەرەکانیدا ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدانی موزیکی نەتەوەیی ڕووسیادا بینی. یەکێک بوو لەو موزیکدانەرانەی کە ڕۆڵی سەرەکی لە جیاکردنەوەی موزیکی کلاسیکی ڕووسی لە موزیکی ئەوروپای ڕۆژئاوادا بینی، لەبەرهەمەکانیدا زۆرترین سوودی لە فۆلکلۆر و مێژوو و کولتووری ڕووسی وەرگرت و خۆی لە پێکهاتە و تەکنیکە ڕەقەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەدوور گرت. دیارترین بەرهەمەکانی لە جۆری ئۆپێرا و موزیکی ئۆرکێسترایی و سۆلۆی پیانۆ و موزیکی دەنگی بنیاتناوە

-شیعری سیمفۆنی ئۆرکێسترایی شەو لەسەر شاخی سەر ڕووت :(Night on Bald Mountain) ئەم بەرهەمە بابەتە سروشتییەکان بەبیر دەهێنێتەوە، دانەر سوودی لە خورافاتەکانی جووتیارانی ڕووسی و فۆلکلۆری ئەفسانەیی وەرگرتووە.

-گۆرانی و سەمای مەرگ :(Songs and Dances of Death) کۆمەڵەی گۆرانییە ڕەسەنە ڕووسییەکانە، بۆ سۆلۆی ئامێری پیانۆ و دەنگ، میلۆدی و ڕیتمە فۆلکلۆرییە ڕووسییەکان لەخۆدەگرێت .

-ئۆپێرای خۆڤانشچینا :Khovanshchina ئەم ئۆپێرایە لەسەر بنەمای مێژووی ڕووسیا دامەزراوە، ڕیتم و میلۆدی و سرود و سەمای فۆلکلۆری ڕووسیای تێدایە(Barton, 2011) .

**١١.٤.٢ ئەلێکساندەر پۆرفیریڤیچ بۆرۆدین (١٨٣٣-١٨٨٧):** موزیکدانەر و پزیشک و کیمیازانێکی دیار و بەناوبانگی ڕووسی بوو، کە لەماوەی نێوان (١٨٣٣-١٨٨٧) دا، موزیکدانەرێکی قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی ڕووسی بوو، یەکێک بوو لە ئەندامانی گرووپی پێنج ئاوازدانەرە گەورە ڕووسەکە. کە لە ئۆپێرا و سیمفۆنی و موزیکە ژوورەکانی، بە باشترین شێوە نەریتە دەوڵەمەندە فۆلکلۆرییەکانی وڵات و مێژوو و کولتوری ڕووسیای جێگیر کرد. دیارترین ئەو بەرهەمانەی کە توخمەکانی فۆلکۆری ڕووسی تێکەڵ کردووە بریتیە لە ئۆپێرای (شازادە ئیگۆر) کە بەهۆی مردنی نەیتوانی تەواوی بکات و دواتر لەلایەن ریمسکی-کۆرساکۆڤ و ئەلێکساندەر گلازونۆڤەوە تەواو کرا. کە تیایدا سەمای بەناوبانگی پۆلۆڤتسیای بەکارهێناوە. هەروەها سیمفۆنیای ژمارە ٢ بەناوی سیمفۆنیای قارەمان لە پەیژەی سی ماینەر، سیمفۆنیای ژمارە ٣ کە دوای مردنی لە لایەن گلازونۆڤەوە تەواو کرا. هەروەها دیارترین موزیکە ژوورەکانی کە لەسەر بنەمای نەریتی فۆلکلۆری

ڕووسی داناون بریتین لە چوارینە ژێداری ژمارە ٢ لە ڕێ مێجەردا، کە ئەم کوارتێتە یەکێکە لە باوترین بەرهەمە ئەوروپییەکان لە جیهاندا .

-Polovtsian Dancesئۆپێرای شازادە ئیگۆر :(Prince Igor) کۆمەڵێک سەمای ئۆرکێستایین لەگەڵ کۆرس، میلۆدی فۆلکلۆری ڕووسی و ئاسیای ناوەڕاست لەخۆدەگرێت.

-(سیمفۆنیک پۆیم) لە چەمی ئاسیای ناوەڕاستەوە: بابەتەکانی فۆلکلۆری ڕووسی و ڕۆژهەڵاتی تێکەڵ بە یەکدی کردووە بۆ وێناکردنی کارلێکی کولتووری.

-چوارینە ژێداری ژمارە ٢ لە ڕێ مێجەر: میلۆدی و تایبەتمەندییە لیریکییەکانی فۆلکلۆری ڕووسی بەرجەستە کردووە . (Ilic, 2013)

**١٢.٤.٢پیۆتر ئیلیچ چایکۆڤسکی** :(Pyotr Ilyich Tchaikovsky) یەکێک بوو لە بەناوبانگترین و دیارترین موزیکدانەرە ڕووسییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، کە لە ماوەی نێوان (١٨٤٠-١٨٩٣) ژیاوە. یەکێک بوو لە قوتابییەکانی موزیکدانەری بەناوبانگی ڕووسی ئەنتۆن ڕوبینشتاین لە کۆنسێرڤاتۆری سانت پترسبۆرگ خوێندنی فەرمی موزیکی تەواو کردووە. چایکۆفسکی بە چڕی سۆزداری و شێوازی میلۆدییە جیاوازەکان و تێکەڵکردنی هەردوو شێوازی موزیکی کلاسیکی ڕووسی و کلاسیکی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە موزیکەکانی ناسراوە. هەرچەندە بەرهەمەکانی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕووسیەوە هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا پێگەیەکی ناوازەی لە موزیکی ئەوروپای ڕۆژئاوادا هەیە، چونکە موزیکەکانی ئاوێتەیەکن لە توخمە فۆلکلۆری و کولتوورییەکانی ڕووسی و نەریتی ئەوروپای ڕۆژهەڵات. بۆیە ئۆپێرا و بالێ و کۆنشێرتۆ و موزیکە ژوورەکان و سینفۆنییەکانی، شێوازێکی جیهانی لەژێر کاریگەری موزیکی کەلەپووری ڕووسی بە پیادەکردنی ڕێزمانی دارشتنی فۆرمە موزیکییە ڕۆژئاواییەکان پێشکەش دەکەن، کە ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیەتی لە موزیکدانەرانی دیکەی قوتابخانەی نەتەوەیی ڕووس، کە زیاتر سەرنجیان لەسەر فۆرم و شێوازە تەواو ڕووسییەکان بوو. چایکۆفسکی یەکێک بوو لەو موزیکدانەرانەی، کە کاریگەری تەواوی موزیکی ڕۆمانتیکی بەسەرەوە بوو، بۆیە لەبەرهەمەکانی گرنگی تایبەتی بە سۆلۆی ئامێرەکان داوە و هەستی دەربڕینی سۆزداری بەشێوەیەکی پتەو بەرجەستەکردووە. هەروەها بەهۆی ئەوەی بەئەکادیمی موزیکی خوێندبوو، بۆیە لەلایەن موزیکدانەرانی ڕووسیا بەچاوی بەرز سەیر دەکراو هاوبەش لەگەل ئەنتۆن ڕوبینشتاین نوێنەرایەتی کۆمەڵەی پێنج ئاوازدانەرە گەورە ڕووسەکەیان کرد. هەرچەندە چایکۆفسکی هاوشێوەی ئەو گروپە پێنج کەسیەی قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی ڕووسی بە قووڵی نوێنەرایەتی موزیکی نەتەوەیی ڕووسیای نەکردووە، بەڵام گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی ڕووسی و ڕیتمەکانی سەما لە ئۆڤەرتیوری گوێزشکێن، بابەتە ڕووسییەکان لە ئۆپێرای یوجین ئۆنیگین و شاژنی سپادز لە ئەدەبیاتی ڕووسی وەرگیراون نموونەی دیاری بەرهەمە کلتوورییەکانیەتی. هەروەها لە لایەنی نیشتیمانی هەستی نەتەوەیی، ئۆڤەرتیوری سلاڤیک مارش Slavic) march overtureدیارترین نموونەیە، کە مێژوو و خۆڕاگری ڕووسیای بەرجەستەکردووە(LaMore, 2024) .

**١٣.٤.٢ سێرگی ڕاحمانینۆف** :(Sergei Rachmaninoff) یەکێک بوو لە ئاوازدانەر و پیانۆژەن و ڕێبەرە بەناوبانگەکانی موزیکی ڕووسی، کە لە کۆتایی سەردەمی ڕۆمانتیکدا، ڕۆڵێکی گەورەی لە موزیکی کلاسیکی ڕووسیدا بینی. بەرهەمەکانی لە موزیکی سۆلۆی پیانۆوە تاکو سیمفۆنی، کۆراڵ و موزیکی ژوور و کۆنشێرتۆ دەگرێتەوە. بەگشتی موزیکی ڕاحمانینۆف میراتی ڕووسی تێکەڵ بەتەکنیکە ورد و ئاڵۆزەکانی ڕۆمانتیکی کردووە. بە تایبەتی بەرهەمەکانی بۆ ئامێری پیانۆ کەبەهۆی سۆزداری و تەکنیکە ئاڵۆزەکانیان، بوونەتە ڕەمزی موزیکی کلاسیکی پیانۆ. هەرچەندە بەشداریەکی باشی لە موزیکی فۆلکلۆری ڕووسیدا کردووە، بەڵام کارەکانی بەراورد بە موزیکدانەرانی قوتابخانەی نەتەوەیی کەمتر هەستی نەتەوەییان پێوە دیارە، بەقەد ئەوەی کە زیاتر جیهانی و داهێنەرانەن، بۆیە موزیکەکانی راحمانینۆف بوونەتە میراتێکی دەوڵەمەندی سەدەی بیستەم لەلایەن موزیکژەنانەوە بەردەوامن لە نمایشکردن لە جیهاندا(Gehl, 2008) .

**١٤.٤.٢ ئیگۆر ستراڤینسکی** :(Igor Stravinsky) موزیکدانەر و ڕێبەر و پیانۆژەنێکی ڕووسی بوو له ماوەی نێوان (١٨٨٢–١٩٧١) دا، وەک یەکێک له موزیکدانەرە کاریگەرەکانی موزیکی سەدەی بیستەم دادەنرێت. له بەرهەمەکانیدا، هەردوو شێوازی موزیکی ناسیۆنالیزمی ڕووسی و موزیکی مۆدێرنی لەسەر بنەمای کلاسیکی ڕۆژئاوا پاراستووە. باوکی گۆرانیبێژێکی دیار و بەناوبانگی ئۆپێرا بووە، بۆیە ئیگۆر لەکۆنسێرڤاتۆری سانت پترسبۆرگ له ژێر ڕێنمایی نیکۆلای ڕیمسکی–کۆرساکۆڤ موزیکی خوێندووە. هەر بۆیە کارە سەرەتاییەکانی بەڕوونی کاریگەری شێوازی (کۆرساکۆڤ) یان پێوە دیارە، کە لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی ڕووسیدان و بەتەواوی شێواز و تایبەتمەندی دیاری ڕووسیان پێوە دیارە. بە تەواوی لە شێوازی موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوا دوورکەوتۆتەوە. دیارترین ئەو بەرهەمانەی بریتین لە باڵندەی ئاگرین (The firebird) (١٩١٠)، پێتروشکا (petrushka) (١٩١١) و باڵێی ڕێوڕەسمی بەهار (The rite of spring)(١٩١٣)، کە ئەم بەرهەمانەی میلۆدی فۆلکلۆری و ڕیتمەکانی سەمای ڕووسییان بەخۆوە گرتووە.

دوای جەنگی جیهانی یەکەم و شۆڕشی ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧، ستراڤینسکی وردە وردە لە شێوازی موزیکی ناسیۆنالیزم دوورکەوتەوە و دەستی کرد بە تاقیکردنەوە لەسەر تەکنیکە مۆدێرنەکانی موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوا وەک نیوکلاسیک و سریالیزم، ڕووی لە فۆرمەکانی پێشووی کلاسیکی وەک شێوازەکانی بارۆک و کلاسیکی ڕۆژئاوا کرد(Szabo, 2011) .

## ٣ .شیکردنەوەی مازورکای Mazurka in A minor, Op. 67, No. 4 ، فرێدریک شۆپان

ئەم بەرهەمە یەکێکە لەو مازورکایانەی کە فرێدریک شۆپان لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا لەساڵی ١٨٤٩دا، لەسەر بنەمای سەمای مازوکای پۆڵەندی، کە سەمایەکی میللیە بە کێشی ٣/٤ نووسیویەتی، ئەم مازورکایە بە (Posthumus) ناسراوە، واتە دوای مردن، چونکە شەش ساڵ دوای مردنی لە ساڵی ١٨٥٥ بڵاوکرایەوە، کە تیایدا تایبەتمەندی نەریتە فۆلکلۆرییەکانی پۆڵەندی تێکەڵ بە شێوازی داهێنەرانەی ڕۆمانسی لە ئامێری پیانۆدا کردووە. لەخوارەوە شیکاری وردی بەرهەمەکە دەخەینەڕوو.

**١.٣ فۆرمەکەی:** لەڕووی فۆرمەوە ئەم مازۆرکایە، پێکهاتەی فۆرمی سێیەمی (A–B–A) پەیڕەو دەکات، کە تایبەتمەندی زۆربەی مازورکاکانی شۆپانە. بەشی A ، کە بریتیە لە بابەتی سەرەکی لە پەیژەی لا ماینەر (A minor) دا، لە باڕی (١–٣٢) پێکهاتووە. ئەم بەشە کە بە تێمی A ناسراوە، بەشێکی خەمناک و دوای تەواوبوونی ئەم تێمە، بەشێکی نوێ دەستی پێکردووە، کە بە تێمی B ناودەبرێت. ئەم تێمە کە لە باڕی (٣٣–٥٣) پێکدێت، پەیژەکەی بۆ لا مێجەر (A Major) گۆڕاوە، کە شۆپان بەمەبەستی دروستکردنی کۆنتراست ئەم کارەی ئەنجام داوە. ئەم بەشە، بەپێچەوانەی کاراکتەرە خەمناکەکەی بەشی A، کەشێکی گەشبینی هەیە. دوای تەواوبوونی تێمیB ، تێمی A بە کەمێک گۆڕانکارییەوە لە باڕی (٥٢–٨٣) نمایشکراوەتەوە. باڕی ١–٨ لە بەشی A دا، بریتییە لە تێمی سەرەکی کە بەشێکی لیریکییە لە لا ماینەردا. باڕی ٩–١٦ بریتییە لە بەردەوامیدان بە تێمی سەرەکی بەهەندێک ڤاریەیشنی کەم و جوڵە هارمۆنی نوێ، بۆ نموونە پێش گەڕانەوەی بۆ تۆنیک تێمەکە لە D7 بۆ GM ڕۆیشتووە. لە بارەکانی ١٧–٢٤، هەر چەندە لەنێو پەیژەی لا ماینەر ماوەتەوە و بابەتەکانی پێشوو دووبارەبۆتەوە، بەڵام هەندێک گەشەکردن و گۆڕانکارییەکی کەم لە میلۆدی و ڕەنگی هارمۆنییەکەیدا ڕوویداوە، کە کرژی زیاتری بۆ موزیکەکە دابین کردووە. لە بارەکانی ٢٥–٣٢ دا، کە ٨ باڕی کۆتایی بەشی A پێکدەهێنێت، گۆڕانکاری لە میلۆدییەکەدا ئەنجامداوە و کەدانسێکی دراماتیکی بنیادناوە، بەهۆیەوە دوای گۆڕانکارییە هارمۆنییەکان و کرژییەکان، گەڕاوەتەوە سەر تۆنیک و کۆتایی بە بەشی A هێناوە. بەشی دووەم کە بە B ناسراوە لە دوو تێمی هەشت باڕی پێکهاتووە، لە پەیژەی لامێجەردایە. لەڕووی هارمۆنییەوە ڕاستەوخۆتر و ڕوونترە لە بەشی یەکەم چونکە گۆڕانکارییە هارمۆنییەکان بەشێوەی ئاسایی لە نێوان (تۆنیک –دۆمینانت – تۆنیک) دەگوازرێنەوە، ئەم بەشە کۆنتراستێکی ڕوون لەگەڵ بەشی یەکەمدا بنیاتدەنێت. دوای بەشیB ، شۆپان گەڕاوەتەوە بۆ بەشیA ، بە هەندێک گۆڕانکاری لە داینامیک و ڕازاندنەوە نمایشی کردۆتەوە.

**٢.٣ میلۆدییەکەی:** لەڕووی پێکهاتەی میلۆدییەوە، ئەم بەرهەمە بە میلۆدییە سۆزدارییەکەی ناسراوە، کە میلۆدیەکە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ناساندنی کاراکتەری هەر بەشێکدا دەگێڕێت. میلۆدی پارچەکە بەگشتی پێکهاتەیەکی سادە و لیریکی هەیە،

که لەزۆربەی شوێنەکاندا نۆتەی لێگاتۆ بەخۆوە دەگرێت، کە ئەمەش کاراکتەرێکی نەرم و گۆرانی ئامێزی بە دەستەواژەکانی میلۆدییەکە بەخشیوە. هەروەها لەزۆرشوێندا، نۆتەکان بە نۆتە ئۆرنەمێنتییەکانی وەک ئەپۆجیاتۆرا ڕازانراونەتەوە،کە ڕێگری لەدابڕاوی دەنگەکان کردووە. میلۆدییەکە لەبەشی یەکەم (A) دا، کە میلۆدییەکی فۆلکلۆری پۆڵەندییە،کارەکتەرێکی خەمناک و سادە و لیریکی هەیە، دەنگەکانی بەگشتی جووڵەی هەنگاو بە هەنگاو و بازدانی بچووک بەخۆوەدەگرن و دەستەواژەکانی کورت و دووبارەن و هەستێکی بەردەوامی و یەکگرتووییان بە بەشی A بەخشیوە. میلۆدی بەشی دووەم(B) ، کە لە پەیژەی A major دایە،کارەکتەرێکی گەشاوە و هیواخوازانە و دژبە کاراکتەرە خەمناکەکەی میلۆدی بەشی یەکەمی هەیە، لێگاتۆ وەک توخمێکی سەرەکی لە پێناو بەهێزکردنی سۆزداری بەردەوامە. میلۆدییەکە پێکهاتەیەکی دەوڵەمەندتری لە میلۆدی تێمی A هەیە، چونکە بەشێکی زۆر لە مۆرِدێنت و نۆتە ئۆرنەمێنتییەکان و هەندێک جووڵەی بازدانی گەورەتری دەنگەکانی بەخۆ گرتووە. ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە کۆنتراستیکی داینامیکی دژ بە بەشی A هەبێت. هەروەها میلۆدی بەشی دووپاتکردنەوەA ، لەگەڵ ئەوەی بریتییە لە دووپاتکردنەوەی هەمان میلۆدی بەشیA ، بەڵام لەم بەشەدا شۆپان، هەستی خەمناکی زیاتر کردوە و سیمایەکی ناڕەزایی زیاتری بەژەنینی میلۆدییەکە بەخشییوە.

**٣.٣ پێکهاتەی ڕیتمەکەی:** پارچەکە تاکۆتایی لە کێشی ٤/٣ دایە، کە بریتییە لە کێشی بنەڕەتی سەمای مازورکا، بەڵام لێرەدا جەختکردنەوەی ڕیتمی هاوشێوەی موزیکی کلاسیک لەسەر ترپەی یەکەم نییە، بەڵکو شۆپان جەختی زیاتری لەسەر ترپەی دووەم و سێیەمی بارەکان کردۆتەوە، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی سەرەکی سەمای مازۆرکایە. هەروەها لە پێناو بەرجەستەکردنی نەرمی و سۆزداری،بەڕێژەیەکی زۆر تەکنیکی لێگاتۆی بەکارهێناوە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەزۆر شوێندا، پێگەی ترپە بەهێز و بێ هێزەکانی کێشی ٤/٣ بگۆڕێت و لێدانی چاوەڕواننەکراو ببیسترێت. ڕیتمی دەستی چەپ بە شێوەیەکی گشتی بەهۆی نۆتە سادە و ئەکۆردە شکاوەکان و سینکۆپ و فیگۆرات (بازدانەکان)، یاوەرییەکی جێگیری ڕیتمیکی بەهێزی بۆ موزیکەکە دابین کردووە. هەروەها ڕۆباتۆ تەکنیکێکی باوە کە شۆپان لە مازۆرکاکانیدا زۆر بەکاری هێناوە. ڕۆباتۆ لەڕووی پراکتیکییەوە، بریتیە لە وەرگرتن یان قەرزکردنی کاتی نۆتەیەک یان ترپەیەکی خانە، بۆ نۆتەیەکی دیکە بەو مانایەی کە ئەو کاتە بخەیتە سەر کاتی نۆتەکەی تر بۆ ئەوەی پێگەی زیاتری پێ بدەی، کە ئەمەش بەدڵنیاییەوە لە هەندێک شوێن خاوبوونەوە و لەهەندێک شوێن خێرابوونێکی وەک لێشاوی ژەنین دروست دەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ژەنیار نۆتەکە بە شێوەی ئازاد یان ئیمپرۆڤایزەیشن بژەنێت. بەڵکو ڕۆباتۆ ئیمپرۆڤایشەیشنێکی تەکنیکییە لە چوارچێوەی تیمپۆدا ئەنجام دەدرێت. تەکنیکی ڕۆباتۆ لای شۆپان، زۆرجار ڕۆڵی جیاکردنەوەی نێوان دەستەکان لە پیانۆدا دەگێڕێت، دەستی چەپ ڕیتمێکی جێگیر دەژەنێت و لەبەرامبەردا دەستی ڕاست میلۆدی بە تەکنیکی ڕۆباتۆ دەژەنێت. هەروەها بەبەکارهێنانی کۆمەڵەی نۆتە نایاسییەکانی وەک تریۆلێکان(triplets) ،جۆرێک لە ژەنینە ڕیتمیکی لاستیکی لەموزیکەکەدا لە چوارچێوەی سنووری ڕیتمی پارچەکەدا بەرجەستەکردووە. لێرەدا شیکاری وردی پارچەکە دەخەینەڕوو.

**٤.٣ چنینەکەی:** ئەم کارە، بەشێوەی چنینی هۆمۆفۆنی داڕێژراوە، کە میلۆدییە سەرەکییەکە لەدەستی ڕاستدا، بە پێکهاتەیەکی ڕیتمی ئەکۆڕدە شکاوەکان(broken chords) ، نۆتە پێداڵییەکان (pedal tones) یاوەری کراوە .

**٥.٣ هارمۆنی بەرهەمەکە:** لەڕووی هارمۆنییەوە، پارچەکە بەگشتی لە پەیژەی لا ماینەر (A minor) دایە، کە وردەکاری گۆرانکارییە هارمۆنییەکان بەم شێوەی خوارەوەیە.

بەشی یەکەم :A لە بارِی (1–32) پێکهاتووە، لە پەیژەی لا ماینەر دایە. ئەم بەشە تارادەیەک بەجێگیری لە پەیژەی لا مێجەردا دەمێنێتەوە، بەهەندێک گۆڕانکاری کەم لە پەیژەدا کە بەم شێوەی خوارەوەیە. بارِی ١–٢، لە تۆنیک (i) دەست پێدەکات، تۆنالیتی لاماینەر دەپارێزێت. لە بارەکانی 3–4دا، پێشکەوتنێک ڕوودەدات، کە هەر بە تۆنیک (i) جەخت لەسەر تۆناڵیتی لا ماینەر دەکاتەوە، بەڵام لەباری ٤ دا، بۆ کۆتایی پێهێنانی فرەیزەکە جەختی لەسەر بەکارهێنانی (E7) کردۆتەوە. لەبارەکانی 5–6دا، جاریکیتر بۆ تۆنیک (i) گەڕاوەتەوە. لە بارەکانی ٧–٨ دا، جووڵاوە بەرەو لە دۆمینانت (V) کە وەک کۆتاییەک پەیژەی لاماینەری دووپات کردۆتەوە. لە بارەکانی ٩–١٦، کە ڕستەیەکی نوێیە، هەمان پێشکەوتنە هارمۆنیەکانی ڕستەی پێشووی بارِەکانی ١–٨ دووبارەکردۆتەوە، کە شێوازی هارمۆنی باوی (T → D → T) ی لەپێناو مانەوە لە

پەیژەی سەرەکیدا بەکارهێناوە. لەبارەکانی ١٧-٢٤دا، پێکهاتەی هارمۆنی هەمان جۆری کادەنسی لا ماینەر، چەند پێشکەوتنێکی کرۆماتیکی و بەکارهێنانی ئەکۆردی (vii diminished ی پەیرەو کردووە، بەڵام هەر لە نێو پەیژەی لا ماینەردا A minor ماوەتەوە. لەبارەکانی ٢٥-٣٢دا، بەشەکە بەردەوام دەبێت لە هاتوچۆکرن و گۆڕانکاری کۆڕدەکان لە نێوان تۆنیک (i) بۆ دۆمینانت(V) ، هەندێک گۆڕانکاری بۆ ئەکۆردە بچووکە دراوسێکانی وەک D minor) iv، C) iii (major)، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا لە نێو پەیژەی لا مێجەردا ماوەتەوە.

بەشی دووەم :B ئەم بەشە کە لەبارەکانی (٣٣-٤٨)پێکهاتووە،پەیژەکەی بۆ لا مێجەر (A major) گۆڕاوە، کە ئەم گواستنەوەیە لە لاماینەرەوە بۆ لامێجەر گەشبینی و ڕووناکی و کۆنتراستێکی داینامیکی هەم لەڕووی میلۆدییەوە هەم لەڕووی هارمۆنییەوە بەم بەشە بەخشیوە، کە گۆڕانکارییە هارمۆنییەکان بەم شێوەی خوارەوەن. باری ٣٣-٣٤ بە تۆنیکی لا مێجەر دەستپێکردووە، کە ئەم گۆڕانکارییە بەشێوەیەکی لەناکاو ڕوودەدات، جیاوازییەکی بەهێز لەگەڵ تۆناڵیتی بەشی یەکەمدا دروست دەکات. بارەکانی 35-36، هارمۆنی دەچێت بۆ ئەکۆردی دۆمینانت(E7) ، لە باری ٣٦ دا دەگەڕێتەوە بۆ .(I) لە بارەکانی ٣٧-٤٠، هارمۆنی بە زنجیرەیەک گۆڕانکاری ئەکۆردەکانی تۆنیک(A major, I) ، سوبدۆمینانت (D major, IV، دۆمینانت (E7, V) دا تێدەپەڕێت. کە هەستێکی تەواوی پەیژەی لامێجەر بە موزیککەکە دەبەخشێت. لەبارەکانی 41-44، جارێکی تر جووڵەی گەڕانەوەی دۆمینانت (E7) بۆ تۆنیک A major (I) دەبینین. کە سەقامگیری هارمۆنییەکە دووپات دەکاتەوە. بارەکانی 45-48، جوڵەی هارمۆنی لە دۆمینانتەوە (E7) گەڕانەوە بۆA minor ، کەڕۆڵێکی باڵادەستی بۆ کۆتایی هێنان و گەڕانەوە بۆ بەشی A دابینکردووە .

بەشی سێیەم A ، ئەم بەشە لە باری ٤٨-٨٣ پێکدێت، کە گەڕاوەتەوە بۆ لا ماینەرA minor ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی میلۆدی بەشی یەکەم نمایش دەکاتەوە، هەندێک سوپرایزی هارمۆنی وەک کرۆماتیک و دیمینشنی کۆردەکان بەخۆوەدەبینیێ، کە لەخوارەوە وردەکاری ئەم گەڕانەوەیە دەخەینەڕوو:

بارەکانی ٤٨-٥٠، بەشەکە بە تۆنیکی (A minor (i دەست پێدەکات و دواتر بۆ دۆمینانت (E7) دەڕوات و دەگەڕێتەوە تۆنیک. بارەکانی 51-54، بەهەمان شێوە تۆناڵیتی لا ماینەر بە گۆڕانکاری هارمۆنیکی ورد دووپات دەکەنەوە، گۆڕانکاری بۆ جوڵان بەرەو ئەکۆردە لاوەکییەکانی دۆمینات وەک (D7) لەخۆدەگرن. بارەکانی 55-58, زنجیرەیەک جووڵەی هارمۆنی لە تۆنیک (i) بۆ دۆمینانت(V) ، ئەکۆردی دیمینشن (vii) لەخۆدەگرن. هەروەها باری 59 تا کۆتایی، یەکلا دەبێتەوە بۆ نێو تۆناڵیتی لاماینەر و بەکەدەنسێکی تەواو کۆتایی بە پارچە موزیکەکە هێناوە(Cintron, 2014) .

### ٦.٣ ئەنجامەکانی ئەم شیکردنەوەیە:

١ .لەڕووی فۆرمەوە، پارچەکە فۆرمی سێ بەشی (A-B-A) هەیە، کە لە مازورکاکانی شۆپاندا باوە. بەشی یەکەم A بریتیە لە پەیژەی لا ماینەر(A minor) ، کەکاراکتەرێکی خەمناک و لیریکی هەیە. بەشی دووەم B چۆتە پەیژەی لا مێجەر (A major)کە کاراکتەرێکی گەشاوەتر و جیاوازی هەیە. بەشی سێیەم بریتییە لە دووبارەبوونەوەی بەشی یەکەم بە کەمێک کۆڕانکارییەوە .

٢ .پارچەکە هەڵگری میلۆدییەکی ڕۆمانسی و لیریکییە، داینامیکەکانی لیگاتۆ و ئۆرنەمێنتەکانی وەک (ئەپۆجیاکاتورا، مۆردێنت) دەگرێتەخۆی، میلۆدی بەشی A سادە و فۆلکلۆرییە، بەڵام میلۆدی بەشی B بازدان و ڕازاندنەوەی زیاتری تێدایە. ئەمەش لەلایەن شۆپانەوە بەمەبەستی بنیاتنانی کۆنتراست هەڵبژێردراوە.

٣ .ڕیتمی پارچەکە لەکێشی 4/3 دایە، کە تایبەتمەندی سەرجەم مازۆرکاکانی شۆپانە، بەڵام جەخت لەسەر لێدانی دووەم و سێیەم دەکاتەوە نەک یەکەم. ئەمەشی بەهۆی بەکارهێانی سینکۆپ، تەکنیکی ڕوباتۆ بەرهەم هێناوە .

٤ .لەڕووی پێکهاتەوە، پارچەکە چنینێکی هۆمۆفۆنی هەیە، میلۆدی دەستی ڕاست بەهۆی ئەکۆڕدە شکاوەکانی و نۆتە پێداڵییەکانی دەستی چەپ یاوەری کراوە .


٥ .هارمۆنی پارچەکە بە شێوەیەکی جێگیر لەپەیژەی لا ماینەر A minor ماوەتەوە، بەهۆی یاریکردنی ئەکۆڕدەکان لەنێون تونیک(i) ، دۆمینانت (V) و سوبدۆمینانت .(vii) بەشی B گۆڕاوە بۆ لا مێجەرA major ، بە بەکارهێنانی هارمۆنییەکی

سادەی و یاریکردن لەنێوان I-IV-V ، بۆ دروستکردنی کۆنتراست پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەشی یەکەم. لەخوارەوە سکۆڕی بەرهەمەکە خراوەتەڕوو.










وێنەی (١) سکۆڕی مازورکای Mazurka in A minor, Op. 67, No. 4 شۆپان

## ٤ .٤ دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:(Results)

**١.٤ ئەنجامەکانی توێژینەوە:** گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەی خوارەوەن.

١ .ڕیتم، سەما و ئاوازە نەریتییەکان، بەشێکی گرنگی موزیکی دانەرانی ئەوروپای ڕۆژئاوایان پێکهێناوە .

٢ .ناساندن و پاراستنی ناسنامەی نیشتمانی و شانازیکردن بە کولتوور: لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ناسنامەی کولتووری خۆیان لە ڕێگای موزیکەوە بەرجەستەکردووە، بەتایبەت وڵاتە تازە پێکهاتووەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات یان ئەو گەلانەی کە خەباتیان بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین دەکرد. ئەم وڵاتانە فۆلکلۆریان بە ڕێگایەکی خێرازانی بۆ ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بە جیهان و چاندنی هەستی ناسیۆنالیزم لە ڕۆحی گەنجەکان و شانازیکردن بە میراتی نەتەوەییان. بێگومان ئەمە هەموو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی گرتەوە .

3 .ئەم نەریت و موزیکە فۆلکلۆریانە، ڕیتم و کێش و نەخش مۆدی تازەیان پێشکەش بە موزیکدانەران کردووە، کە لە یاسا و بنەماکانی کلاسیکی ڕۆژئاوایی تەواو جیاواز بوون. ئەم فراوانبوونە موزیکییەش، ڕێگەی بە موزیکدانەرانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات داوە، کە تاقیکردنەوە لەسەر کۆمەڵەی نۆتە نائاساییەکان، ڕیتمە ئاڵۆزەکان و هارمۆنی مۆداڵی وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بیزەنتینییش بکەن.

٤ .هەروەها بەکارهێنانی توخمەکانی سەما و ڕیتم و میلۆدی فۆلکلۆری، کاریگەرییەکی گەورەی کردۆتە سەر پەرەپێدانی شێوازە نیشتمانی و ناوچە جیاوازەکان. موزیکدانەران زۆرجار سەما و ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری وڵاتەکانیان بۆ ناساندن و دەربڕینی ژینگەی ناوچەییان بەکاردەهێناوە. ئەمەش زمانی موزیکی جیاوازی لە سەرانسەری ئەوروپادا دروستکردووە .

4 .ئەم بابەتە فۆلکلۆری و نەریتییانە، بەهۆی ئەوەی ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵیان لە دەروونی کۆمەڵگاو ڕێوڕەسمەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی داکوتاوە و سادەیی و ڕاستگۆیی و پەیوەندی پتەویان بە ژیانی گوندنشین و نەریت و خاک هەیە. موزیکدانەرانی ڕۆژئاوا بەگشتی ئەم هەلەیان بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی خەڵک و ڕاکێشانی سەرنجی هەواداری زیاتر بۆ بەرهەمەکانییان قۆستۆتەوە. ئەم ڕێبازە بە تایبەت لە قۆناغەکانی دوای جەنگ زۆر گرنگ و کاریگەر بوون، چونکە دوای تەنگ و چەڵەمەکان جارێکی دیکە خەڵکیان لە کلتوور نزیک کردەوە و یەکێتی نێوان کولتوور و کۆمەڵگایان بنیاتنایەوە. ئەمە جگە لەوەی قوڵایی ڕۆحی و سۆزداری ئەم نەریتە فۆڵکلۆری و کەلەپووریانە، هەستێکی قوڵی سۆزداری بۆ خودی هەندێک لە دانەرانی موزیکیش دابینکردووە و بوونی خۆیان تێدا دۆزیوەتەوە .

5 .تێکەڵکردنی فۆڵکلۆری وڵاتەکان، لە دانراوەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا، کلتوورەکانی جیهانی لە یەکتری نزیک کردەوە و کاریگەریی ئەم کلتوورانەی لەسەر یەکتری زیاتر کرد. بۆ نموونە (بیلابرتۆک)، لە هەنگاریاوە فۆلکلۆری کولتوورە جیاوازەکانی وەک ڕۆمانیا و سلۆڤاکیا و تورکیا و باکوری ئەفریقیای تێکەڵ بە هارمۆنی و دانراوە مۆدێرنەکانی کردووە و پردی پەیوەندی نێوان کولتوورە هەمەچەشنەکانی بنیاتناوە. هەروەها زۆڵتان کۆداڵی بەهەمان شێوەی میلۆدی وڵاتانی وەک سلۆڤاکیا و ئۆکرانیا و کرواتیا و سێبیریا و ڕۆمانیای تێکەڵ بە بەرهەمەکانی کردووە. ئەمەش ڕێگەی بە موزیکدانەراندا، کە لە چوارچێوەی موزیکە پەرەسەندووە مۆدێرنەکانیاندا، ڕێز لە نەریتە فۆلکلۆرییەکانی یەکتری بگرن و لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی کاریگەر پردێک لە نێوان نەریتە کۆنەکان و تەکنیکە هاوچەرخەکاندا بنیاتبنێن .

بەکورتی ڕێبازی بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی میلۆدی و ڕیتم و سەمای نەریتی، کاریگەری گەورە و سوودی زۆری بە موزیکی سەدەی بیستەم گەیاند، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی کە لە کلتووری ولاتانی نا ئەوروپییەوە خزێنرانە نێو بەرهەمە موزیکییەکان، کە ڕەسەنایەتیەکی فرەچەشنی نامۆ بوو بە موزیکی ئەوروپا، بۆیە بەرگێکی نوێیان بە بەر پێکهاتە کلاسیکییەکان و موزیکی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا کرد.

**٢.٤ پێشنیار:** لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، بەپێویستی دەزانین ئەم پێشنیارانەی خوارەوە بۆ خوێنەرانی ئەم توێژینەوەیە بخەینەڕوو.

١ .لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی خوێندنی موزیک، گرنگی زیاتر بە خوێندنی ئەم وردەکاریانەی مێژوو بەمەبەستی ئاشناکردنی قوتابیانی هونەر بە ڕێبازەکانی کارکردنی موزیکی و موزیکدانانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بدرێت .

٢ .لە دەزگا ئەکادیمیەکانی خوێندن و وەزارەتی ڕۆشەنبیری گرنگی زیاتر بە میراتی کەلەپووری کوردەواری بدرێت، بۆ ئەوەی ئاواز و ئامێری موزیکی نەریتی کوردی هاوشێوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئامانجی خۆیان بپێکن .

٣ .میلۆدی کوردی بکرێنە پرۆگرامی خوێندن، لە قوتابخانەکان و پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرەجوانەکان بخوێنرین، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوومان بە میراتی باوباپیران ئاشنابکرێنەوە .

**٣.٤ ڕاسپاردە:** توێژەران لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕاسپاردانە بۆ دڵسۆزانی موزیکی کەلەپووری کوردی دەخەینەڕوو .

١ .ئێستاش درەنگ نەبووە، موزیککاران و ئاوازدانەرانی کورد، چەشنی وڵاتانی ڕۆژئاوا، پرۆسەی خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی کوردی لە موزیکدانانی هاوچەرخ کارابکەن و کارە موزیکییەکانیان بکەن بەقەلغانی پاراستی ناسنامەی نەتەوەیی و شوناسی کلتووری گەلی کورد .

٢ .خەمخۆرانی میرات و کەلەپووری گۆرانی و موزیکی کوردی، ئەکادیمیستانی بواری موزیک، پرۆسەی گەڕانی مەیدانی و بە ئەرشیفکردنی ئاوازی ناوچەکانی کوردستان دەستپێبکەن و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان بە نۆتە بیاننووسنەوە و بیانکەن بەکتێب و چاپیان بکەن.

## ٤.٤ سەرچاوەکان


### ١.٤.٤ تێزەکانی دکتۆرا بەزمانی کوردی

– عارف، هـ.ت.، (٢٠٢٣). بەرجەستەکردن و بەکارهێنانی هارمۆنی و فۆرمی مۆدێرن لە موزیکی ئۆرکێستراليدا، تێزی دکتۆرا. زانکۆی سەلاحەدین

– شاکر، أ. غازی، (٢٠٢٣)، خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا، تێزی دکتۆرا. زانکۆی سەلاحەدین.

– محمد، س. فوأد، (٢٠٢٣)، فۆرم و بنیادنانی موزیک لە دانراوە نوێیەکانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا. زانکۆی سەلاحەدین

### ٢.٤.٤ پەرتووکە عەرەبییەکان :

– أمين، أ. سليم، ع.، (٢٠٠٢)، الموضوعات الدالكروزية بين النظرية والتطبيق في الإيقاع الحركي، الطبعة الأولى، القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.

– الخولي، س. (١٩٩٢)، القومية في موسيقى القرن العشرين، سلسة عالم المعرفة، المجلد: 1. المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت.

– الخولي، س. (١٩٦٤)، التراث الموسيقى العالمية، الطبعة الأولى، القاهرة: دار النهضة العربية.

– حسن، م. وآخرون، (١٩٨٣)، معجم مصطلحات علم اللغة الحديث، الطبعة الأولى، لبنان، بيروت: مكتبة لبنان للطبع. كوزماس، ف. (1972). تاريخ البلقان، ترجمة أ. عبد الواحد. بيروت: دار الثقافة.

– لايختنتريت، هوجو. (١٩٤٦)، الموسيقى والحضارة، ت. محمود، احمد حمدى، الطبعة الأولى، مصر : وزارة الثقافة والإرشاد القومي.

### ٣.٤.٤ تێزەکانی دکتۆرا بە زمانی ئینگلیزی

- Alyeksyeyeva, I. (2019). Ukrainian Folklore Influences in the Music of Myroslav Skoryk: Historical Background and Performance Guide to Selected Violin Works. Doctoral dissertation. Louisiana State University and Agricultural and Mechanical College. Available at: https://repository.lsu.edu/gradschool_dissertations/4781 [Accessed 9 January 2025].
- Barton, P.A. (2011). Modeste Mussorgsky’s Songs and Dances of Death: A Performer’s Guide. Doctoral dissertation. University of South Carolina, School of Music.
- Bolesławska-Lewandowska, B. (2013). Symphony and symphonic thinking in Polish music after 1956. Doctoral dissertation, Cardiff University. ProQuest Dissertations & Theses Global. Available at: [UMI Number: U584419].
- Cintron, P. A. (2014). Chopin Mazurkas and its Influence on Polish Cultural Nationalism. Master's Thesis, Liberty University. Available at: Liberty University Digital Commons. [Accessed 5 January 2025].
- Gehl, R.S. (2008). Reassessing a Legacy: Rachmaninoff in America, 1918–43. Doctoral dissertation. University of Cincinnati, Division of Graduate Studies and Research, College-Conservatory of Music.

- Haboczki, S.A. (2018). Selected Folksong Arrangements of Zoltán Kodály: An Analysis and Performer’s Guide. Doctor of Musical Arts dissertation, James Madison University. Available at: https://commons.lib.jmu.edu/diss201019 [Accessed 5 January 2025].
- Helmers, R. (2011). Not Russian Enough: The Negotiation of Nationalism in Nineteenth-Century Russian Opera. Doctoral thesis. Utrecht University. Available at: Utrecht University Repository [Accessed 4 January 2025].
- Jakovljević, R.S. (2012). Marginality and Cultural Identities: Locating the Bagpipe Music of Serbia. Doctoral thesis. Department of Music, University of Durham, England.
- Kang, A.S. (2012). Musical Chinoiserie. PhD thesis, University of Nottingham. Available at: https://www.nottingham.ac.uk/research [Accessed 12 December 2024].
- Kim, M. (2007). An Analytical Study of Mily Alexeyevich Balakirev's Musical Style in His Early Piano and Orchestra Works: Grande Fantaisie on Russian Folk Songs and Concerto Op. 1 in F# Minor. Doctoral dissertation, University of North Texas. Available at: https://digital.library.unt.edu/ark%3A/67531/metadc3656/m2/1/high_res_d/dissertation.pdf [Accessed 2 January 2025].
- Lee, Y.-Y. (2006). Béla Bartók’s Eight Hungarian Folk Songs for Voice and Piano: Vocal Style as Elaborated by Harmonic, Melodic, and Text Factors. Doctoral treatise, The University of Texas at Austin.
- Motelike, O. (2021). The Sacred and Profane in the Organ Music of the Czech and Ukraine Composers: Petr Eben and Bohdan Kotyuk. Doctoral dissertation. Palacký University Olomouc, Faculty of Education, Department of Music Education.
- Pannell, R. (2013). The Didgeridoo: From Traditional to Contemporary Performance. PhD Thesis. University of Melbourne.
- Reeve, B. (2005). Nikolai Rimsky-Korsakov's Use of the Byliny (Russian Oral Epic Narratives) in His Opera Sadko. Doctoral thesis, University of Nottingham. Available at: https://eprints.nottingham.ac.uk/28574/1/430618.pdf [Accessed 5 January 2025].
- Škapcová, T. (2019). Diskurz o národnosti v kontexte českej a slovenskej hudby. Disertační práce. Filozofická fakulta, Masarykova univerzita, Brno.
- Szabo, K. (2011). The Evolution of Style in the Neoclassical Works of Stravinsky. Doctoral dissertation. James Madison University, School of Music.
- Toledo, A. (2013). World Music, Creative Reinterpretation, and the East Moldavian Roma Tradition. Ph.D. thesis. Goldsmiths, University of London
- Vidovic, S. (2012). Transformation of Themes, Controlled Pianistic Textures, and Coloristic Effects in Liszt's Hungarian Rhapsodies Nos. 6, 10, and 12. Doctoral dissertation, University of North Texas. Available at: https://digital.library.unt.edu/ark:/67531/metadc149679/m2/1/high_res_d/dissertation.pdf [Accessed 5 January 2025].

- ٤.٤.٤ ماستەرنامەکان بەزمانی ئینگلیزی

- Alyeksyeyeva, I. (2019). Ukrainian Folklore Influences in the Music of Myroslav Skoryk: Historical Background and Performance Guide to Selected Violin Works. Doctoral dissertation. Louisiana State University and Agricultural and Mechanical College. Available at: https://repository.lsu.edu/gradschool_dissertations/4781 [Accessed 9 January 2025].
- Barton, P.A. (2011). Modeste Mussorgsky’s Songs and Dances of Death: A Performer’s Guide. Doctoral dissertation. University of South Carolina, School of Music.
- Bolesławska-Lewandowska, B. (2013). Symphony and symphonic thinking in Polish music after 1956. Doctoral dissertation, Cardiff University. ProQuest Dissertations & Theses Global. Available at: [UMI Number: U584419].
- Cintron, P.A. (2014). Analysis of Chopin’s Mazurkas and its Influence on Polish Cultural Nationalism. Master’s thesis, Liberty University.
- Cintron, P. A. (2014). Chopin Mazurkas and its Influence on Polish Cultural Nationalism. Master's Thesis, Liberty University. Available at: Liberty University Digital Commons. [Accessed 5 January 2025].
- Gehl, R.S. (2008). Reassessing a Legacy: Rachmaninoff in America, 1918–43. Doctoral dissertation. University of Cincinnati, Division of Graduate Studies and Research, College-Conservatory of Music.
- Haboczki, S.A. (2018). Selected Folksong Arrangements of Zoltán Kodály: An Analysis and Performer’s Guide. Doctor of Musical Arts dissertation, James Madison University. Available at: https://commons.lib.jmu.edu/diss201019 [Accessed 5 January 2025].
- Helmers, R. (2011). Not Russian Enough: The Negotiation of Nationalism in Nineteenth-Century Russian Opera. Doctoral thesis. Utrecht University. Available at: Utrecht University Repository [Accessed 4 January 2025].
- Yakovlev, R.S. (2012). Marginality and Cultural Identities: Locating the Bagpipe Music of Serbia. Doctoral thesis. Department of Music, University of Durham, England.
- Kang, A.S. (2012). Musical Chinoiserie. PhD thesis, University of Nottingham. Available at: https://www.nottingham.ac.uk/research [Accessed 12 December 2024].

- Kim, M. (2007). An Analytical Study of Mily Alexeyevich Balakirev's Musical Style in His Early Piano and Orchestra Works: Grande Fantaisie on Russian Folk Songs and Concerto Op. 1 in F# Minor. Doctoral dissertation, University of North Texas. Available at: https://digital.library.unt.edu/ark%3A/67531/metadc3656/m2/1/high_res_d/dissertation.pdf [Accessed 2 January 2025].
- LaMore, D. (2024). “Little Russia” No Longer: A Narrative Analysis of the Wartime Change of P. I. Tchaikovsky’s Historical Culture at Kyiv’s National Music Academy of Ukraine Named After Petro Tchaikovsky. Master's thesis, Lund University, Joint Faculty of Humanities and Theology.
- Lee, Y.-Y. (2006). Béla Bartók’s Eight Hungarian Folk Songs for Voice and Piano: Vocal Style as Elaborated by Harmonic, Melodic, and Text Factors. Doctoral treatise, The University of Texas at Austin.
- Matselyukh, O. (2021). The Sacred and Profane in the Organ Music of the Czech and Ukraine Composers: Petr Eben and Bohdan Kotyuk. Doctoral dissertation. Palacký University Olomouc, Faculty of Education, Department of Music Education.
- Morris, L. (2018). Singing Russianness: Nationalist Aesthetics Surrounding Mikhail Glinka’s Female Singers. Master's thesis, The University of Georgia. Available at: https://getd.libs.uga.edu/pdfs/morris_laikin_d_201808_ma.pdf [Accessed 5 January 2025].
- Pannell, R. (2013). The Didgeridoo: From Traditional to Contemporary Performance. PhD Thesis. University of Melbourne.
- Reeve, B. (2005). Nikolai Rimsky-Korsakov's Use of the Byliny (Russian Oral Epic Narratives) in His Opera Sadko. Doctoral thesis, University of Nottingham. Available at: https://eprints.nottingham.ac.uk/28574/1/430618.pdf [Accessed 5 January 2025].
- Shinsky, M. (2023). American Nationalist Music: Dvořák’s Influence. Master’s thesis, Liberty University, Lynchburg, VA.
- Škapcová, T. (2019). Diskurz o národnosti v kontexte českej a slovenskej hudby. Disertační práce. Filozofická fakulta, Masarykova univerzita, Brno.
- Szabo, K. (2011). The Evolution of Style in the Neoclassical Works of Stravinsky. Doctoral dissertation. James Madison University, School of Music.
- Toledo, A. (2013). World Music, Creative Reinterpretation, and the East Moldavian Roma Tradition. Ph.D. thesis. Goldsmiths, University of London.
- Vidovic, S. (2012). Transformation of Themes, Controlled Pianistic Textures, and Coloristic Effects in Liszt's Hungarian Rhapsodies Nos. 6, 10, and 12. Doctoral dissertation, University of North Texas. Available at: https://digital.library.unt.edu/ark:/67531/metadc149679/m2/1/high_res_d/dissertation.pdf [Accessed 5 January 2025].
- Vinci, T. (2019). Performance Practice in Hungarian Folk Music and its Relationship to the Style Hongrois. Master of Arts (Performing Arts) dissertation. Edith Cowan University, School of Music, Western Australian Academy of Performing Arts. Available at: https://ro.ecu.edu.au/theses/2265 [Accessed 8 January 2025].

### ٥.٤.٤ پێداچوونەوەکان:

-Kaludova-Stanilova, S.G. (2022) Review of The Bulgarian folk song and its contemporary interpretation by D.D. Vasileva. Doctoral thesis, AMDFA “Prof. Asen Diamandiev” - Plovdiv. Available at: [https://artacademyplovdiv.com/doktoranti/proceduri/Denica%20Vasileva/Recenziq%20-%20prof.%20d-r%20Svetla%20Stanilova%20(en%29]
(https://artacademyplovdiv.com/doktoranti/proceduri/Denica%20Vasileva/Recenziq%20-%20prof.%20d-r%20Svetla%20Stanilova%20(en%29). [Accessed 9 January 2025].

### ٦.٤.٤ وتارە ئەکادیمییەکان:

-Ilić, D.V. (2013). Alexander P. Borodin (1833–1887) – great composer, army physician and distinguished scientist-chemist. Faculty of Dental Medicine, University of Belgrade, Belgrade, Serbia.
-Mayes, C. (2014). Eastern European national music as concept and commodity at the turn of the nineteenth century. Music & Letters, 95(1), p.70-94. Available at: https://academic.oup.com/ml/article/95/1/70/1075101 [Accessed 6 January 2025]

### ٧.٤.٤ ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان (یوتیوب)

-YouTube. (2012). Musical Nationalism. Available at: https://www.youtube.com/watch?v=vLqIpnu9Azc [Accessed 4 Jan. 2025].

### ٨.٤.٤ گۆڤاری ئۆنلاین

-Rehfeldt, R.A., Tyndall, I. & Belisle, J., (2021). Music as a cultural inheritance system: A contextual-behavioral model of symbolism, meaning, and the value of music. Journal of Behavior Analysis of Culture, [online] 1(3). Available at: https://doi.org/10.1007/s42822-021-00084-w [Accessed 7 January 2025].

### ٩.٤.٤ گۆڤاره زانکۆییەکان:

–غازی، أ. ش. (٢٠٢٢)، تایبەتمەندییە هونەرییەکانی گۆرانیی و موزیکی کەلەپووری و میللیی کوردی: توێژینەوەیەکی وەصفی شیکاری بەدواداچوونی سیستەماتیکی گشتگیرە بەشێوازی چۆنایەتی، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٦، ژ.٥، ل. ١٤٥.

### ١٠.٤.٤ پەرتووکەکان بەزمانی ئینگلیزی:

-Bhabha, H.K. (1994). The Location of Culture. Routledge, London.
-Cooley, T.J. (2005). Eastern European Folk Music: A Guide to the Folk Music of the Former Soviet Union, Poland, and the Balkans. New York: Routledge.
-Craske, G. (2007). Indian Sun: The Life and Music of Ravi Shankar. London: Faber & Faber.
-Eltis, D. (2000). The Rise of African Slavery in the Americas. Cambridge: Cambridge University Press.
-Gaston, A-M. (2017). The Temple Tradition in Three Styles of Classical Indian Dance: Bharatanatyam, Odissi and Kathak. Oxford Centre for Hindu Studies. Available at: https://www.ochs.org.uk (Accessed: 5 December 2024).
-Greene, P.D. (2000). The Music of the Balkans. London: Ashgate.
-Hoving, R.A.W.H. (1982). Folk Music of Eastern Europe. 2nd ed. London: Kahn & Averill.
-Jourdain, R. (1999). Music, the Brain, and Ecstasy: How Music Captures Our Imagination. 1st ed. New York: William Morrow.
-Kuipers, T.A.H.A. (2001). Music in West Africa: Experiencing Music, Expressing Culture. Oxford: Oxford University Press.
-Nketia, J.H. (1974). African Music: A People's Art. New York: W.W. Norton & Company.
-Sokolov, I.L. (1992). The Music of the Balkans. 1st ed. London: BBC Publications.
-Taruskin, R. (2010). Music in the Nineteenth Century. Oxford: Oxford University Press.

# استخدام وتجسيد الإيقاعات والألحان التراثية في الموسيقى القومية بأوروبا الشرقية

**هەژار احمد مصطفى**
قسم الموسيقى،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين–أربيل،
إقليم كوردستان،العراق
hazhar.mustafa@su.edu.krd

**چیایی کمال سعدی**
قسم الموسيقى،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين–أربيل،
إقليم كوردستان،العراق
chiey.saddi@su.edu.krd

الملخص
تهدف هذه الدراسة الوصفية التحليلية إلى استكشاف استخدام وتجسيد الإيقاعات والألحان الموروثة في الموسيقى القومية لأوروبا الشرقية. تقدم الدراسة تحليلًا عامًا لهذه العناصر من حيث تأثيرها ودورها في تشكيل ثقافة أوروبا الشرقية، الموسيقى الكلاسيكية، وأشكال الموسيقى الأوروبية الغربية. كان استخدام وتجسيد الإيقاعات، الألحان، والرقصات التقليدية جزءا من اتجاه قومي واسع ظهر خلال الفترة الرومانسية، وازدهر في أواخر القرن التاسع عشر وأوائل القرن العشرين. امتد هذا الاتجاه إلى الموسيقى في جميع أنحاء العالم، ولا سيما أوروبا الغربية. بسبب قلة الأبحاث الكردية التي تشرح وتحلل هذه الظاهرة الفنية واتجاهات عمل الموسيقيين العالميين، ظهرت الحاجة إلى إجراء هذه الدراسة. إن التعرف على مدارس الموسيقى القومية الأوروبية يقدم فائدة كبيرة للموسيقيين الكرد، الذين لا تزال موسيقاهم التراثية تواجه تهديدات بفعل الاحتلال الثقافي والسياسي من قبل دول المنطقة، نظرا لغياب كيان كردي مستقل. من هنا، تعد الاستفادة من تجربة المدارس القومية في الموسيقى الغربية أولوية ملحة بالنسبة لنا، نحن الكرد، بهدف الحفاظ على تراثنا الثقافي من ألحان وإيقاعات موروثة، وصياغتها ضمن أشكال موسيقية جديدة. وفي الوقت ذاته، ينبغي علينا المزج بين مفهوم الأصالة والمعاصرة، لإظهار هويتنا الوطنية من خلال الموسيقى الأوركسترالية وتقديمها للعالم بصورة تليق بتراثنا الغني.
**الكلمات المفتاحية:** إيقاع ، لحن، إيقاع التراثي لأوروبا الشرقية، لحن التراثي لأوروبا الشرقية ، الموسيقى القومية.

# The Use and Embodiment of Heritage Rhythms and Melodies in the National Music of Eastern Europe

**Hazhar Ahmed Mustafa**
Department of Music,College of Fine Arts,Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region,Iraq
hazhar.mustafa@su.edu.krd

**Chiey Kamal Saddi**
Department of Music,College of Fine Arts,Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region,Iraq
chiey.saddi@su.edu.krd

**Abstract**
This analytical and descriptive study examines the use and embodiment of traditional rhythms, dances, and melodies in the national music of Eastern Europe. It provides a comprehensive analysis of how these elements are utilized and represented in Eastern European culture, classical music, and Western European musical forms. The integration of traditional rhythms, melodies, and dances was a significant aspect of the nationalist movement that emerged during the Romantic period and reached its peak in the late 19th and early 20th centuries, influencing the music of nations worldwide, particularly in Western Europe.
The scarcity of Kurdish research that explains and analyzes this artistic phenomenon and the approaches taken by international musicians has been a primary motivation for conducting this study. Understanding the experiences and methodologies of European national music schools can be highly beneficial for Kurdish musicians, whose cultural heritage remains under threat due to cultural and political suppression by regional powers and the lack of an independent Kurdish state.
This study underscores the importance of preserving the Kurdish cultural heritage of melodies and rhythms by adapting and reformulating them into new musical frameworks, as other nations have done through their nationalist music schools. Simultaneously, it emphasizes the need to strike a balance between authenticity and contemporary music, enabling the expression of Kurdish national identity through orchestral compositions and presenting the richness of Kurdish heritage to the global audience with dignity and sophistication.
**Keywords:** rhythm, melody, Heritage rhythm, Heritage melody, national music.